Dr.Saleh Ebrahimi



☐٢ـ دەورەی دوەم

ئەم راپەرینانە لە نێوان دو جەنگی جیهانی ١ و ٢دا بەدیهاتوەو ئەم کوردە بەڕێزانە بون کەراپەریون:

١ـ شیخ مەحمود بەرزنجی ناودار بە مەلیکێ کوردستان لە سولەیمانی لە ساڵی ١٩١٩ تا ١٩٣٢ از

٢ـ سمکۆ، سمایل ئاغای شکاك ناودار بە سمکۆی مەزن لە ساڵی ١٩٢٠ تا ١٩٣٠ زولە ١٩٣٠ کەلەشنۆ بەرەبشە کوژی کوژرا[١].

٣ـ شیخ سەعید پیران بە رابەری حیزبی تەعالی لە تورکیا لە سالی ١٩٢٥ز

٤ـ راپەرینی کوردەکانی کۆیستانی ئاگریّ بەفەرماندەیی ژنرال ئیحسان نوری پـاشا لە ١٩٢٦ تا ١٩٣٠ زو حوکومەتی کورد بە دیهات و رەئیسی حوکومەت ئیبراهیم پاشا بو[٢]

٥ـ راپە رینی شیخ ئەحمەد بارزانی خودانی بارزان لە ١٩٣١ تا ١٩٣٤ز

٦ـ راپەرینی کوردەکانی ئیران بە رابەری جەعفەر سولْتان لە ساڵی ١٩٣١ تا ١٩٣٢ زینی

٧ـ راپە رینی کوردەکانی تورکیا لە دیار بەکر لە ١٩٣٤ز

٨ـ راپەرینی کوردەکان لە دەرسیم بەرابەری سەیدرەزا دەرسیمی کە بە هەورە بروسکەی دژی دوژمن ناودار بولە ساڵی ١٩٣٧ز

☐ دەورەی سێوەم لە کاتی جەنگی دوەمی جیهانیو دوای ئەوە راپەرین لە کوردستاندا روی داوە کە خێوی نەزم وبە رنامە بووەو پارتو خیزب بەدی هاتونو رابـەری خەڵکیـان کردوە بە مجۆرە:

١ـ راپەرینی ژەنراڵ پێشەوا بارزانی نەمرو هەمیشە زندوی نەتەوەی کورد، مستەفا بارزانی خودان کوردستانو بارزان لە ١٩٤٣ بووەو رابەری حیزبی رزگاری تا ١٩٤٥ز کە دوای ماوە یەك هاتە یارمەتیدانی راپەرینی کوردەکانی ئێران لە سالاٌنی (١٩٤٥ ـ ١٩٤٦) تارابەران و ئەندامانی کومەڵەی (ژ ـ ك) گیران.

---

١ ـ سمکۆی مەزن هەرچەن نێوی شێخ یاسەیدی پیوە نەبوە، بەلام لە رەسەندا لە بنەماڵەی شێخانی شەمزینە.شیخی کوردی لە واژەی خەشایەثیا کە بەواتای خوا، گەو رە، بەدەسەلاتە، گیراوە.

٢ ـ تیزی دوکتورای سەید عەزیزشە مزینی لاپەری ١٥٣. شیخ سەعید پیران یاپاڵۆ یـانە خشبەندی لە ١٢٨٥ی مانگی لە دایك بووەو زیاتر لە ٦٠ هەزار مریدی هەبوە، دوای کوژانە وەی راپەرینی دیار بەکرلە ١٩٢٥/٣/٢٤ زاینی لە گەل یارانی لەسیدارە دراوە ودەسی رەشی سوفێت و ئنگلیس و فەرانسەی تێدا، دیارە.

Dr.Saleh Ebrahimi



٢- دامەز رینەران و راپەرینی کۆمەڵەیژ-ك - لە ١٩٤١زاینی بە سەر مونشیرەحمان زەبیحی کە لە دواییدا رابەرانی (ژیکاف) گیران و لە ١٩٤٥ی زاینی بەحیزبی دیمرکراتی کوردستان ناونراو لە ساڵی ١٩٤٥ تا ١٩٤٦ ز، سازدانی کۆماری سەر بە خۆی کورد لە ئیران لە مەھاباد بەسە رۆکی پێشەوا قازی محەمەد (قدس سرە) بە دیھات.

٣-راپەرینی کوردەکانی جوانرۆ لە ئێران لە ساڵی ١٩٤٩ز

نوکتە: بۆوێنە راپەرینی کوردەکان لە جزیرو بۆتان لە ساڵی ١٨٢١ ئەمیر بەدرخان پاشا هەژدە ساڵانەبو، کەبوە رابەری ئەمیرنشینەکانی شازادەکانی جزیرو بۆتان، دەستی کرد بە سازدانی حوکومەت و یەك خستنی ئەمیر نشینەکانی شازادەکوردەکان و دەسی کرد بە بانگەواز بۆ یەکبون و یەك گرتن، لەم سۆینگەوە پیشەوایانی ولاتی وان، هەکاری، موشا، هێزان، کارسا، موسڵ، زاخوو ئەمیرنشینی ئەردەلان لە بەکیان بۆ وتوو پەیمانی یەکیەتییان لە گەڵ ئەمیر بەدرخان پاشا گرێداو مۆریان کردو بەدرخان پاشا زۆر بەلەز لە شاری جزیر دوکارگای بو چەکەمەنی و باروتسازی، دامەزراندو چەندین کەسیشی ناردە ئوروپا بۆ فیربون.

دوای ئەوەی سپای تورکی شکاند لە ساڵی ١٨٤٢ز -سکەی بە ناوی خۆی لێداو لەوانەوە تا سابلاغ (مەھاباد)، رەواندز،و موسڵو دیاربەکر، (شەنگار = ژەنگار)و سیرت، وەرانشار، سوارك، دیاربەکر، شنوو ورمێی ھێنایە بن فەرمانی خۆی، بەلام بەداغەوە (عزالدین شێر)ی برازای خۆی کە بە (یەزدان شێر) ناودار بو فریوی تورکی عوسمانی خواردو بووە ھۆی قلپەوە بونی حوکومەتی ئەمیر بەدرخان پاشاوجا ھەرچەند لە قەلای ئەرخ پیاوانە جەنگی بەلام گیراو لە ١٨٤٨ز بەرێ کرا بۆ ئەستەمبول و راپەرینەکە تیاچو.

☐ لە ١٨٨١ حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا مەلیك غازی شاهی شەمزین بە فیل بۆ وتوویژ بانگ کرائەستەمبول، بەلام گرتیان و بەندیان کردو دوای ساڵیك شێخ ھەلات و لە رێگای قەفقازەوە گەراوە بۆکوردستان، بەلام خۆی بۆ قەوی نەکراو لە ١٨٨٣ی زاینی یەخسیر کراو برا شاری تایفی حجازو لە ١٨٨٨ی ز -وەفاتی کردو ھەر لە تایف نێژرا.

☐ دوای گەرانەوەی شێخ عەبدولقادر (غەوثی ثانی) لە تایفەوە بۆ ئەستەمبول راپەرینی کورد هەڵ تۆقی و تەنانەت لەباری فەرهەنگیشەوە راپەرینێ بەر چاوکرا، رۆژنامەو گۆواری کوردی دەستی بە بلاو بونەوە کرد،وەك دامەزرانی روژنامەی کوردستان، ژیوی کورد،

Dr.Saleh Ebrahimi



ڕۆژی کورد، هەتاوی کوردی، یە کگیربون، رقین، [1-2] ئەبێ بزانین لە ساڵە کانی ١٩٠٨و ١٩١٠و لە راپەرینی ١٩١١و ١٩٠٥و لە راپەرینی ١٩١٤ لە بتلیس و وان، هەولێرو دیار بە کر بەشداری راپەرینیان کرد بو.

## غەوثی ثانی:

١- حیزی تەعالی کوردستان بەرابەری سەید عەبدولقادر ناودار بە غەوثی ثانی لە ١٩٢٥ز- ساز دراکە پزیشکان، ئەفسەران و سەرانی بەهێزو وزەی هۆزە کوردە کان لەم خیربەدا بەشدار بون.

٢- جەمعییەتی تەشکیلاتی کۆمەلایەتی کورد بەرابەری بەدرخان سازدرا کە گەنجان، لاوان، خوێندکاران لە زانکۆکانی ئەستەمبوڵ و ئەرزە رۆمی تیدابو.

٣- جەمعییەتی سەر بە خۆیی کورد لە قاهیرە بەرابەری ئەمیر سورەیا پاشا بەدرخان سازدرا.

□ نوکتە لە بە ندی ٣٨ و ٣٩ و ٤٠ بەشی سێوەمی قەراردادی لۆزان تەزمین درابو کە کوردە کان لە تورکیا مافی خوێندن بە زمانی کوردی وکۆوارو رۆژنامەو دام و دەزگای عیلمی و کۆبونەی کۆمە لایەتی و فەرهەنگیان هەبێ، وتار لە کورو کوبونەوەو دادگاکان بەکوردی بێ و هەمو کوردێ مافی رامیاری خۆی هە بێ [3]

□ دوکتور فوئاد ـ کە ماڵ فەوزی سەردەبیری روژنامەی ژین لە گەڵ حەزرەتی شێخ عەبدولقادر (غەوثی ثانی) و سەید محەمەد و کوڕێ لە سەرانی کورد بەند کران و لە ٢٤ مانگی ٣سالی ١٩٢٥ی زاینی ٩١ کەس لە گەڵ شیخ عەبدولقادر لە شاری دیار بە کر لەدار دران و هەروا شێخ سەعید لە گەل ٣٧ کەس لەدیار بە کر لەدار دران.

□ حەزرەتی سلطان العرفا حاجی سەیدعەبدوڵلا گەیلانیزادە یارمەتی دەرو موعاونی حیزبی تەعالی لە ١٩٢٥ی زاینی کەوتە بەر ئەزیەت و ئازاردژانی تورکی عوسمانی لە شاری سولەیمانی.

---

١ ـ تێزی دوکتورای سەید عەزیز لاپەرەی ١١٦ بە نەقڵ لە یا موڵکی کوردستان و راپە رینی کوردو کوردستان و کورد اختلاللری بە زمانی تورکی تاران چاپی ١٩٤٦ ز-لاپەرەی ٥٦ کە مەبەست لەو راپەرینە سەر بە خوی کورد بو

٢ ـ لە ١٩١٣ ی زاینی کومەیتەیەک بۆ پەرەدان بە فە رهەنگ وزمانی کوردی بە رابەری عەبدورەزاق بەدرخان لە شاری خوساز درا.

٣ ـ تیزی دوکتورای سەید عەزیز شەمزینی لاپەرەی ١٤٣ تایپی

Dr.Saleh Ebrahimi



□: په ندی کوردی: دۆستی دوژمنی من، دوژمنی منه، به‌لاّم دوژمنی دوژمنی من، دۆستی منه..

□ده‌لێن: یه کیّ له هۆی راپه‌رین‌و توره‌یی ژه‌نرال ئیحسان نوری‌پاشاکه به دژی تورکی عوسمانی راپه ریوه ئه‌وه‌یه که رۆژیک ئیحسان نوری پاشا له ئه‌فسه‌ریّکی تورک داوا ده کا ئه‌م منداڵه مه کوژه، ئه‌ویش منداڵه کورده له ده‌س ژه‌نرال ئیحسان نوری هه‌ڵده‌پرو چقێنیّ‌و له به‌رچاوی ئه‌و ده‌ی‌کوژی‌و ده‌لیّ ئه‌م منداڵه‌کورده نابیّ بمێنیّ، ژه‌نرالْ ئیحسان نوری پاشا، ژان له دلّ‌و هه‌ناوی ده گه‌ریّ‌وئیتر ناتوانیّ خوّ رابگریّ.

له‌جه‌نگی ئازادی ده‌ری‌کورد، ناوه‌ندی ئارارات له‌ساله کانی ١٩٢٦ تا ١٩٣٠ زاینی به فه‌رمانده‌یی ژنرال ئیحسان نوری پاشاکه به‌دژی داگیرکارانی تورکی وه‌سمانی راپه‌ری ئه‌گه‌ر یه ك تێکوشه‌رو پیشمه‌رگه‌ی موسولمانی کورد بکه‌وتایه‌ته‌گیر تورکه‌کان سه‌ریان ئه‌بری و ونجن و نجنیان ئه‌کردو زوّر دراندانه شه‌هیدیان ئه‌کرد.

له‌زستانی ساڵی ١٩٢٩ زاینیدا له جه‌نگێکدا کـه له‌مـه‌لبه‌ندی (ئـورتولو) روی‌دا تـورکه وه‌سمانی یه کان به‌ده‌سی کورده‌کان تێشکان ویه‌خسیر ئه‌کران، جا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئازوخه‌ی کوردان کـه‌م بو ئه‌و دیلانه‌یان ئه‌نارده ئێران ته‌نانه‌ت کورده‌کان پاروی ده‌می خۆیان ئه‌دا به یه‌خسیره تورکه وه‌سمانی یه کان.

(هوریك) ناوی پیریژنیکی هه‌ژارو بیوه ژن بو،له هوزی (حصه‌صوری جه‌لالی) کـاتیّ دیبوی وا یه‌خسیرێکی تورك گوره‌وی یه کانی دراوه،گوره‌وی یه کانی خوّی له پیّ ده‌ر دینیّ ئه‌ی‌دا به‌سه‌ر بازه تورکه‌که له رێکا پییّ ئه‌و دیلـه سه‌رما نه‌ی با[١].

□ کورد له سه‌ته‌ی ١٠ و ١١ پێوه‌ندی فئودالی له‌کورده‌واریدا سازداوه‌و له ئاخری سه‌ته‌ی ١٨و سه‌ره‌تای سه‌ته‌ی ١٩ ته‌واو بووه‌و ئه‌وسا ده‌وره‌ی خانخانی‌و فئودالی دوایی، پێی‌هاتووه[٢].

□ له‌ئاخری سه‌ته‌ی ١٥و سه‌ره‌تای سه‌ته‌ی ١٦ شـانشینه کـانی کـوردو فـئوداله کـان له کوردستان که‌وتنه به‌ر ده‌ستی تورکی عوسمانی‌و حوکومه‌تی ئێران.

١ ـ بروانه مێژوی ریشه‌ی نیژادی کورد نوسراوی ئیحسان نوری پاشا چاپی ١٥٦٧ کوردی و ١٣٣٣ هه‌تـاوی تاران په‌ره‌ی ١٣٤٢ و ١٤٣

٢ ـ راپه‌رینی جونبولات پاشا، باپیره گه‌وره‌ی سه‌رکرده‌ی ئازاو دلیرو حوالیخوّش بو که‌مال جونبولات لاپه‌ره‌ی ٦ و ٦٣ کواری نیشتمان به‌خوّش کردن و سه‌ره‌تا بوّنوسینی دوکتور جه‌ماڵ نه‌به‌زکه به‌هوّی چلّ سال تێپه‌ر بوّن به سه رینشتماندا له سوئیدله ٢٥٩٧ ك و ١٩٨٥ز چاپی ئازاد چاپ کراوه.

Dr.Saleh Ebrahimi



راپەرین لەسەرەتای سەدەی نوزدەوە تائەم سەردەمە: پێشەوای گەورەو ئازاو نەبەزو کۆڵ نەدەر، خیوی کوردستان ژەنرال مستەفا بارزانی لە ١٩٤٧ی زاینی کە راپەری، توانی زۆر خۆرابگرێ تا لە ١٩٤٧ ز چووە شورەوی. کاتی لە ئاوی ئاراز پەرینەوە پیرە مێردی فەیلەسوف‌ودلسۆز فەرمویەتی:

عەشرەت‌هاوارە: لە (پیرە مێرد)

عەشرەت هاوارە، عەشرەت هاوارە
کەوتومە ئاراس ئاو بێ بوارە
رێم نییەمنیش شوین ئەوان کەوم
پیرم هەنگاوێک بنێم ئەکەوم
لیرەش‌واکەوتوم بەدەم دەردەوە
لەئێشی دوری‌وئاهی سەردەوە
دوکتور دەوای تۆم ناوێ لێم گەرێ
بەڵکم بەئاهم دەوران وەرگەرێ
یاوا وەرگەرێی ئەلێم وەرگەرێی
یازرمەی تۆپی زەرەی بەرکەوێ
ئەوساکە دوعای من واگیرابێ
لە خانەی خاکا ئاواتم نابێ
ئینجا تەلقینم بدەن بەکوردی
بڵێن: ئاواتت هاتە جێ ومردی

بارزانی زۆری بۆ رێژیمەکانی عیراق هینا تا لە مانگی مارسی ١٩٧٠ی زاینی بەعسی وادار بە راگەیاندنی خودموختاری بۆنەتەوەی کورد کرد.بەڵام بە داخەوە لەبەر باری نالە باری ئەو سەردەمە، ناچار بە موهاجەرەت‌بوولە ئیرانەوە چووە ئەمریکاو سەرەنجام لە ١٩٧٩/٣/١ی زاینی شەهید بوو جەنازەی موبارەکی هێنرایەوەکوردستان‌و لە شنۆ ئەسپاردە کرا. ولە ١٩٨٥/١٠/٦ی زاینی پیشەوا مستەفا بارزانی لەشورەویراتەوە عیراق‌و کوردستان‌و لە ١٩٩٣/١٠/٦ - لە هەلەجی مەرگەوە رەوە جەنازەی موبارەکی ئەوزاتە وکاک ئیدریسی کوری پیشەوا ژەنرال بارزانی برانەوەگوندی بارزانی (رضوان اللّه علیهما ٠

Dr.Saleh Ebrahimi



# کوردو مێژو نوسان:

ئەگەر مرۆڤ بە چاوی ورد و بێلایەنی بڕوانێتە پەراوەی فتوحاتی ئیسلامی و کتێبی فتوح الشام واقدی و[١] فتوح بولدانی بەلاذری و[٢] تەجاربول ئومەم کوڕی مەسکویەو[٣] ئەخبار الرسل و الملوك تەبەری[٤] ئەلکامل فی‌التاریخ کوری ئەسیری جەزەری[٥] حیاةالحیوان کوبرای دەمیر شێخ کەمالەدین بای هەمزە ئەسەد[٦]. زۆرباش نەخش و دەوری کوردی بۆ دەردەکەوێ کە چلون پیاوانەو شێرانە لە هەر دەم و دەور و رۆژکارێکدا بەرگری لە نیشتمانی کوردەواری کردوەو نەیهێشتووە بێگانە دە سەلاْت بە سەرکوردستان داپەیدا بکاو زۆر ئازاو جوامیرانە بەر بەرچی هێرشکارانی کردوە.

بۆوێنە کە لە ٦٦١ی مانگی حوکومەتی ئەمەوی دامەزراو زۆری بۆ کورد هێنا لە شورشێکدا بە سەر کردەیی ئەبوموسلیم خۆراسانی کورد لە ناوچەی زێی گەورە (خواروی کوردستان) هێزی ئەمەوی تێک شکاندو چوبەغدای گرتو ئەمەوی لابردو عەباسی لە ٧٥٠ی مانگیدا هێنا سەرکار، بەلاْم مەنسوری عەباسی ناسپاسی کردو بە گزی و فزی خستیە زیندان و شەهیدی کرد لە زیندان نامەیەك بۆ مەنسوردەنوسێ و دەلێ من ئەمەویم لابردو ئێوەی عەباسیم هێناسەرکار ئێوەنمەك بەحەرام دەرچون و غەدارن، مەنسور بە ئەبو دولامە[٧] کە سەرۆکی نو سینگەی مەنسور بوە، دەستور ئەدا تاوەلاْمی ئەبو موسلیم بداتەوە ئەویش دوای وەلاْم دانەوە لە بەحری تەویلدا قەسیدەیەك لەزەمی ئەبو موسلیم دەلی، ئەمە دوشیعر لەو قەسیدەکە لە کاتی جویندانیدا نیژادی باوانی ئەبوسوسلیم کە کورد بون لەزاری دەرپەریوە و دەلی.

ابا مجرم هل غیر الله نعمه علی  عبده حتی یغیرها العبد

١ ـ واقدی ١٣٠ تا ٢٠٨ی مانگی ژیاوە و فتوح شام کە بە ئەلموغازی ناودارەو بەشێ لە فەتحی موسولمانان لە کوردستان دەگێڕێتەوە.

٢ ـ بلاذری: ئەحمەد بن یەحیا بەغدایی لە سەتە ٣ی مانگی ژیاوەو لە نیوان ٩٠٠ و ١٠٠٠ی زاینیدا چەن جار چاپکراوە ولە ١٩٣٢ز ـ لە قاهیرە لە چاپدراوە.

٣ ـ ئەبوعەلی ئەحمەد بن محەمەد مەسکویە لەسەتەی دەیەم دا ژیاوە و کتیبەکەی لە ١٩١٥ز لە قاهیرە لە لایەن فەرەجوللا زەکی کورد لەچاپدراوە.

۴ ـ تەبەری لە ٣١٠ی مانگیدا مردوە.

۵ ـ کوری ئەسیرلە ٦٣٠ی مانگیدا مردوە.

٦ ـ بای هەمزە ئەسد کەدمیری لە کوری ئەسیر و کەسیری وەرگرتووەو هەروا بڕواننە حول‌المشکلة الکوردیەی دوکتور جەمال نەبەز کەلە ١٩٦٩ زاینی لەئوروپا چاپ بووە.

٧ ـ ئەبودولامە لە ٧٧٨ مردوە

Dr.Saleh Ebrahimi



افــی دولة المــنصور حـاولت غـدرة      الا ان اهــل الغـدر آبـاؤك الكـرد[1].

تارقی بن زیاد کە لە ١٠٢ی مانگیدا مردوە، لە کوردە کانە کە ئەندە لوسی گرتوە کە لە ١٩٩٠زاینی رادیو قاهیرە لە بەرنامەی خویدا وتی دەلین تارق بەربەرە، بەلام تارق کوری زیاد کە ئەندەلوسی گرت و بەسەر رودریک پاشای ئەویدا زال‌بـو، کـوردبوو تـونگەی جـەبل تاریقیش هەر بە نیو ئەو کوردەوە نیو براوە.

یا ئەبو جەعفەر کوری میرحوسین داسنی کە لە ٢٢٦ی مانگی یەخسیری عەباسیان کراو بەژار شەهیدکرا چون نە چووە بن باری زولمی عەباسیان یا راپەرینی جەعفەربن‌میهر جەیش کوردی کە لە موعتەسەمی عەباسی راساوەو لە چیای داسن بەر پەرچی هیزی دوژمنی داوە یاراپەرینی شیر زەنگی لە ٢٥٥ی مانگیدا کە عەلی بن محەمەد عەلەوی یان کردە سەر کردە کەبە (صاحیب‌زنج) ناودارەو ئەمیش کوردبوە یاراپەرینی محەمەدبن عەبدوللا بن هەزار مەرد کەبوە حاکمی ئەهوازو شوشتەروئەو ناوە ناوە[2] ئەلین: یەعقوبی لەیس صەفاری بەیـارمەتی کوردان سەر کەوت. یاراپـەرینی کـوردان لە نـاوچەی ئیسفەهـان و فـارسدا یـاراپـەرینی موساویربن عەبدولحەمید شاری لە بەواریحی موسلدا کە موسلیان گرت. یاراپەینی عەبدوللا بن‌ئیبراهیم لە ئیسفەهان کە دەهەراز کوردی لەگەل دابووە.[3]

## خۆ پاراستن

هەر لە سەردەمی شەپولی کوچ کردنی تورك و تورکومانەوە کە لە ئالتاوە بەرەو ئاسیای چکولە هاتن وەك تورکی غەزە، سەلجوقی، قەرەقوینلوو ئاق قوینلو، مەغول، تەیمورە شەلە،

١ ـ وەفیات ئەعبان نوسراوی فەبلە سوفی میژو ـ کوردی، کوری خەلەکان ج١ـ قاهیرە/ ١٩٤٨ لاپەرەی ٣٠٧ـ تە بەری المولك و الرسل ج٢ پەرەی ١٩٤٤ ـ رەشید یاسەمی کوردو... لاپەرەی ١٧٨ ج ١ تاران ـ کرماشان وکوردستان پەرەی ١١٦ د ـ مەسعود گولزاری ـ و گواری نیشتمان کە دوکتور جەمال نە بەز کوبەی بو کردوە لاپەرەی ٢ چاپی سوئید ١٩٨٥ و ئەبومسلیم سەرداری خوراسان نوسراوی دوکتور غولامحوسین یوسفی تاران چاپی ١٣٤٥ی هەتاوی، ئەشی مەبەست لە خوراسـان، خـوراسـانی لای ئەسەداواو کەنگاوەری لای کرماشان بی (شەپول).

٢ ـ کوری ئەسیرالکامل ج لیدەن چاپی ١٨٦٥ لە بن روداوەی ٢٥٥ پەرەی ١٣٩ و کرمـاشان و کوردسـتـان نـوسراوی دوکـتـور گولزاری پەرەی ١١٩.

٣ ـ تاریخی تە بەری ج ٣ ـ بریل ١٨٨٤ لاپەرەی ٢٨٨ ـ کرماشان و کوردستان نوسراوی دوکتور گولزاری پەرەی ١١٨ و ١١٩ و ١٢١ چاپی ١٣٥٧ی هەتاوی و رەشیدیاسەمی.

Dr.Saleh Ebrahimi



هەر کاتێ ویستویانە لەخاکی کوردستانەوە تێپەربن، کورد بەری گرتون و نەچونەتە بن باریان، تەنانەت تورکی عوسمانیش کە بانگی غەزای بە دژی بیزانتی یە کافرەکاندا، کورد لە سەتەی ١٣ و ١٤ سەر بەخۆیی خۆی پاراست و تێکەل بەتورکی وەسمانی نەبو. بەلام پاش دامەزرانی صەفەوی لەئیران کە دەسیان کرد بە سوننی کوشتن و دژی کردن لە تەک عوسمانیدا کورد کەوتە نێوان دو حوکومەتی دژ بەیەک لە ئاکامدا زانای ژیرو بەمشوری هەرە زانای ئەوسەر دەمەی کوردستان، ئیدریس بدلیسی کە خوشەویستی هەموکوردێک بولە نێو شازادە کوردەکاندا زور دەسی دەرویی لەگەل حوکومەتی عوسمانی یەکی گرت و هەر ئەمە بوە هوی تێشکانی صەفەوی لەچالدران لە ١٥١٤ ی زاینی و حوکومەتی عوسمانی لە ٩ی ئابی ١٥١٥ زاینی فدراسیونێکی لەگەل کورد گرێدا و پەیمانی یەکبون گرێدرا، بەلام بەوێنەی فیدرال، واتا: شازادە کوردەکان پێکەوە بەشێوەی فیدرال ولە تەک دە ولەتی عوسمانیشدا وێکرا بە شێوەی فیدرالی ئەمرو، ولاتیان ئەبرد بەرێوە.[1] دوای مردنی ئیدریس بدلیسی تورکی مارزی وەسمانی چاوی بریە کوردەواری و شەری بەشازادە کوردەکان دەفروشت و کورد ناچار لە نیوەی دوەمی سەتەی شانزەهەم بە دژی تورک راپەری بە تایبەت کە دیتی تورک لە بنەوە لە تەک صەفەوی سازاوەو لە سالی ١٦٣٩ی زاینی کوردستانیان لە سەر کاغذ لە خویان بەش کردوەو راپەرینی جیا بونەوە و چەکدارانە لەکوردەواریدا پەرەی سەند.[2]

ئەمیر شەفخان لەشەرە فنامەدا لە ١٥٩٦/٧ی زاینی سنوری کوردستانی دیاری کردوەو چریکە و چیروکی ئازایی و نیشتمان ویستیو نە بەزی نە تەوەو شازادە کوردەکانی باس کردوە.

یا راپەرینی ١٦٦٦ی زاینی بە هۆی با هۆی کورەشێخکەوە لە ناو چەی بادینان کە بەناوی پەیدا بونی مەهدی بەدژی تورکی عوسمانی راپەریوە، کەئیتر تورک و عەرەب دەسیان کرد بە درو هەلبەستن بە دژی نە تەوی کوردی مەزلوم بووینە خواجا سەعدەدین کە ماموستای سولتان مراد بوە ئەم تورکە بەدەم پێغەمبەرەوە، دروی ساز داوە کە گویا پێغەمبەر دوعای شەری

١ ـ عەللامە ئیدریس بدلیسی کوری رانای ناودار هوزانی فەیلە سوف مەولانا یاسر بوو لە ١٥٢٠ی زاینی دوای پێک هاتنی ئەو فیدرالە وەفاتی کرد.
٢ ـ کوواری نیشمان بە سەرەتای دوکتور جەمال نە بەز پەرەی ٥ و ٦ چاپی سوئید ١٩٨٥ز ـ شەرە فنامە پەرەی ١٦ و ١٧ سالی ١٨٦٨ بە نەقل لە قسەکانی پروفیسور جەمال نەبەز.

Dr.Saleh Ebrahimi



لەکورد کردوە کە ناتوانن دەوڵەت بو خویان ساز بدەن و هەزاران دروی دیکە ئەمە نیشانەی ئەوە یەکە کورد لە سەتەی شانزە دا حوکومەتی بوخوی ویستوە...[١]

## دەرەتان لە دەس دان

لە راستیدا نەتەوەی کورد، دەرەتانی زورچاکیان لەدەس داوە بووینە صەلاحەدین ئەیّوبی (١١٦٩-١٢٥٠) سەر زنـجیرەی ئـەیّوبی حـوکومەت‌و ئـیمپەراتـوری گـەورەی کـوردی دامەزراند.

لە (١٧٠٥-١٧٧٩ز و١٠١٩-تا ١١٩٣ی مانگی) کەریمخان زەنـد ژیـاوەولە ١٧٥٠ی زاینی و ١١٦٣ی مانگی لە سەرتەختی سەڵتەنەت دانیشت‌و دەوڵەتی بو کورد، دامەزرانـد، بەڵام کورد خوی بووە خورەی خوی ئەردە لانیەکان[٢] و بابانەکان لە باتی یـارمەتی‌دان بـە کەریمخان ـ ی زەند چونە یارمەتی دانی قاجار[٣] سەرزنجیرەی زەندیەکەریمخانی زەندە، کارە گرینگەکانی کەریمخان: گرتنی بەصرە، دەفعی فیتەنەی حسینقلیخان جهانسوز، دەفعی شیخ بندریک، کەریمخان زور دادگەر، چـاك، مـوتەوازیـع، پیـاو، دڵ‌ودەرون‌گوشـاد، دڵاوادل لاوین، نەوع‌دوست، مروف و هونەر دوست بووە، کەریمخانی زەند لەهوزی زەندە و بەزاراوەی لوری قسەی کردوەو لە گوندی قەڵای پری لە نیزیك مەلایەر نیشتە جی بووە و ژیاوەوکوردانە و مەردانە هەستاوەو بەدژی مارزو ستەمکاران راپەریوەو بەدادگەری‌و ئاکارو

---

١ ـ تاج التواریخ نوسراوی خواجا سەعدەدین ـ مینورسکی: ئەنیسکلو پیدای ئیسلامی چاپی ئەلمان لە ١٢٢٧ بەرکولی کوواری نیشتمان بە قەلەمی جەمال نەبەز پەرەی ٦ و ٦٣ کە بە بونەی چلەمین سالروژی نیشتمان لە سوئید لە ٢٥٩٧ی ك و ١٩٨٥ی زاینی لە چاپە مەنی ئازاد چاپ کراوە (شەپول).

٢ ـ ئەردە لان، مورەکەبە لە ئەرد+لان. ئەرد بەواتای مدفەرك و پیروزە، لان‌وەك لانی شیر، دەلین: شیرلەلان بیتەدەر- چ نیرچ می، لان: جیگا، خان‌ولان، لان: بەردەلان، کەندەلان، خیزەلان، ئەرد ئەم پیشگرە لە ناوی پاشاکانی ساسانی و ئەشکانی گیراوە وەك ئەردەشیر، ئەردەوان، ئەشکری بلیین لە کونا ئەرتەلان یائەرتەران بەواتای ئەرزو سەر زەوی مودفەرك و پیروزە. دیارە ـ د ـ ت ـ ر ـ ل ـ بەیەکتری بە دەل ئەبن.

٣ ـ کورد و کوردستان نوسراوی واسیلی نیکین تەرجەمەی محەمەد قازی چاپی ١٣٦٦ی هـە تـاوی لاپـەرەی ٣٨٢ـ ئـاخرین تەحقیق پروفیسور مینورسکی لەژیر نیشانی ماقەبلی تأریخی صەلاحەدین لە زنجیرەی موتالەعات سەبارەت بەتاریخی قەفقاز لە سیری بلاوەی خورهەلات ناسی زانکوی کومبریج. بەرواری ١٩٥٣ی زانیی.و. نیکتین سەرچاوەی بەروو شەرە فنامە،کە بە چاکی نیشانی داوەکە کورد یاچونەتە یارمەتی تورکی عوسمانی یا چونەتە یارمەتی شاهان لەئیراندا. نەقل لە و نیکتین ٣٩٠ و ئەمین زەکی لاپەرەی ٢٨ تأریخی کورد و... کە ئەمین زەکی ١٤ زنجیرەی کوردی ناوبردوە بەلام و. نیکتین سالاریانی ئازربایجان، ئەتابەکانی لورستان چکولە (٥٧٠ تا ١٢٥٠ مانگی) شازادەکانی ئەردە لان (٦١٧ تا ١٢٨٤ی مانگی) زەندیە لە (١١٦٧ تا ١٢٠٢ی مانگی) ئەمیرنشینی خوراسان لە ٦٤٣ تا (٧٨٥ی مانگی) یا براهوی بە لوجستان لە ١١٧٢ تا ١٣٠٠ی مانگی) ناوبردوە (شەپول).

Dr.Saleh Ebrahimi



رەفتاری پیاوانە لەگەل خەلک رەفتاری کردوەو پاتەختەکەی شیراز بووە، حەمامی وەکیل، بازارومزگەوتی وەکیل یادگاری کەریمخانە. کەریمخان لە شیراز بە نەخوشی ئازارە باریکە (سل) لە **۱۱۹۳**ی مانگی لە **۷٤** سالیدا وەفاتی کردوە، دوای ئەو زەکی‌خان: لطفعلیخان کە بەدەس ئاغا محمدخان قاجار لە باغی گولستانی تاران گوژراوە حوکومەتی کردوە.[۱]

کەریم خان زەند لە **۱۱٦٥**ی مانگیدا لیبراکە ئوستوراباد بگری و لە دەس محەمەد حەسەن خانی بستینی بەلام لە سالی **۱۱٦۸** محەمەد حەسەن خان لەگوندی (گلون ئاوا) (بلوکی جی ئیسفهان) ئاوقەی کەریم خان بو و ئیسفهانی لە بن دەس کەریم خان زەند دەرهیناو لە **۱۱٦۹** ئەمیر گونەخانی قەجەری کردە والی ئیسفەهان ولە **۱۱۷۰** بو جەنگی ئازادخانی ئەفغان چووە، ئازربایجان و بیست‌هەزار لەشکری ئەوی شکاندو هەزار بنەمالەی لەئوزبەک و ئەفغانی کوچ‌دا و لە ریگای گیلانەوە ناردنیە مازندەران (ماژندەران) ولە سالی **۱۱۷۱** بە سپایەکی زورەوە هەلی کوتایە سەر شیراز پیتەختی کەریم‌خانی زەندو ئابلوقەی دا بەلام تی شکاو بەرەو ئوستوراباد گەرایەوەو کەریم خان زەند لە **۱۱۷۲** رەپیی ناو خوی لە تاران دانیشت‌و لەشکریکی بو لە ناو بردنی ناردە ئوستورابادو لە نیوان ئەشەرەف‌و ئوستوراباد دا پیک هەلپرژان‌و محەمەد حەسەن خان تیشکا[۲].

ئەوساکەریم خان زەند چوتە شیراز و محەمەدخان‌و وسەین قولیخان ـ کورانی محەمەد حەسەن خانی گرت‌و بەبارمتە لە شیراز رای گرتن‌و زوریش ریزی بو داناون‌و وسەین قولیخان کەلە **(۱۱۲۹)** هەتاوی لەدا یک بوە لە سالی **۱۱۸٤** لە لایەن کەریم خانەوە کراوەتە حاکمی داموغان. لە پاشان لە سالی **۱۱۸٥** یاخی بوە، محەمەد خان دارو حاکمی ئوستورابادی کوشتوەو ئاژاوەی ناوەتەوە تاکەریم خان لە سالی **۱۱٥۳**ی هەتاویدا لە مانگی حوت‌دا کوشتویەتی و محەمەد خان (قەجەر) لای کەریم خان زەند هەروا زیندان بوە تاکەریمخان لە سالی **۱۱۹۳**ی مانگی‌و **۱۷۷۹**ی زاینی لە **۷٤** سالیدا وەفاتی کرد و محەمەدخان لە شیرازەوە هاتە تاران‌و خوی بەشا ئەزانی هەرچەن تا **۱۲۲۰** تاجی نەناسەر چونکا لوتفعەلی خان زەند

---

۱ ـ جیهانی موسلمین نوسراوی شیخ مستەفا راهنما لاپەرەی ۸۸ تا ۹۲ چاپی ۱۳٤۱ی هەتاوی مەسئەلەی کوردستان و کەریمخان زەند کە کەریمخان و خەلکی لورستانی بەکورد داناوە.

۲ ـ محەمەد حەسەن خان لە سالی ۱۱۳۷ی هەتاویدا لە مانگی حوت‌دا لە (جرگلباد) بەدەسی (سەوزئەلی) بەگی مولازیمی خوی کوژرا و لە نەجەف نیژرا.

Dr.Saleh Ebrahimi



کوری جەور خان زەند هەمیشە هیرشی بو محەمەدخان ئەبردو کورانی نادر شایش لە خوراسان دەسیان دەرویشت، زوربەی میژو نوسان نوسیویانە کە لە **١١٨٣** محەمەد خانی قەجەر بوەتەشا.[١]

نوکتە: زنجیرەی (زەندی) یە لە **(١١٦٣ تا ١٠٩٣ (١٧٥٠-١٧٧٩** زاینی) بە سەر هەمو خاکی ئیراندا حوکومەتیان کردوە تەنیا خوراسان نەبی چونکا شاروخی ئەفشارکە کویرو پیریش بو بە سەر خوراساندا راگەیوە. کەریمخان لە **١٧٥٠**ی زاینی تا **١٧٧٩** زاینی پاشایی کردوە.

دوای مەرگی کەریم خان زەند زیاتر لە دوانزە سال لە نیوان ئاغا محەمەخان قەجەرو شازادەکانی (زەند) دەمەقرەو قونە شەر بوە تا سەر ئەنجام محەمەد خان قەجەر سەرکەوت.

نوکتە: ئەگیرنەوە لەو سەردەمەی واکەریم خان پاتشای شیراز بوە، پاتشای بەریتانیا دیاریکی زور (بەنایب‌السلطنە)ی خویدادەنیریتە شیراز نایب السلطنەی ئینگلیس کە لە هیندوستانەوە هاتبو، ئەیویست چاوی بە کریمخان زەند بکەوی‌و ئەویش مولاقاتی نادات‌ ئەمیش لەو دیاری‌یانە گیرفانی وەزیرەکانی پردەکاو یە کە یە کە وەزیرەکان تکا لەکەریمخان ئەکەن مولاقات بدا بە نایب السلطنەی ئینگلیس. ئەویش قەبولی ناکا تا روژی هەمو وەزیرەکان کەلە خزمەت کەریمخان ئەبن تیکرا ئەپارینەوەکە چاوی بەنایب السلطنە بکەوی ئەویش ئەلی ئەزانم ئیوە گیرەفانتان پرکراوە بەلام من نامەوی چاوم بەو بکەوی، چونکا ئەوانە وەک مشک وان هەر شتیان گیرکەوی ئەی قرتینن لە دواییدا گیرفانی ئیوەش بەو پارەو دراوە ئەقرتینن.

لەبیرمە خوالیخوشبو (مەلا برایم)ی باوکم (رضوان‌الله علیه) دەی فەرمولە زەمانی رەزاخاندا کە ژاندارم دەهاتن بو خەلک کە بە بونەی جلک گوران جلکیان لە بەر خەلک دائەرنی‌و خەلکیان روت دە کردەوەو ریشوەیان وەردەگرت. خەلکە کە فیرببون هەرکە دەیان زانی ماموری رەداخان خەریکە بی هەرایان لە خەلک دەکرد مشکەکان هاتن خەلکیش تی‌دەگەیی‌یا جلیکان دەگوری یا خویان دە شاردەوە. پیاوەکانی رەزاخان لەو جوینەگەیبون ئەو قسە و واژەیان لە هەرکەس ببیستایی زوریان ئازارئەداو جەریمەیی قورسیان لی وەردەگرت من

١ ـ بروا نەمکار الاثار. بەرکولە پەرەی ١٦.

Dr.Saleh Ebrahimi



(شەپول) هەروا لە بیری ئەو قسانەی‌باوکی رەحمەتیم دابوم و بیرم لی دە کردەوە تا ئەم قسەی کەریمخانی زەندم لە کتیبدا دی، تی گەییم کە بناغەی ئەو قسە لە کویوە هاتووە (شەپول).

محەمەد ئیبراهیم خان ئەنوەر شاعیری زەند ئەم زانا شاعیرە کوری کەریم خـان کـوری ئونیاق زەند پاتشای ناو دارە. ئونیاق لە ئەصلا لە هوزی زەندیکلەی خەلکی شاری دەولەت ئاوای (مەلایەر) بوە. گلکوی ئونیاق لە باخی میرزا مەحمود (شمس العلما) دایە لە گـوندی (کلوسەجەر) لە یەک فرسەخی دەولەت ئاوادایەوکورە کەشی: (کەریم‌خان زەند) پاتشایە کی ولاتدارو خەلك خوشەویست بوەو لە گەل خەلکدا بە پیاوەتی و مروفانی رەفتاری کردوە، کەریم خان زەند موسلیحکی کومە لایەتی‌و زور نەبەزو رامیارو بەسیاسەت بوەو لەم بـارو بابەتانەوە لەناودار ترینی پاتشایان و میران دیتە ژمارە. ئەم شا خوشەویستە لە بەر پیاوەتی‌و مەزنی و خو بە کەم زانی خوی بە (وەکیل‌ی رەعایا) ناو ئەبردو لەم سوینگەوە بە (وەکیل) ناودار بوە[1] محەمەد ئیبراهیم خان کوری کەریمخان زەند مـروفیک بـوە شـاعیرو خـاوەن هەستیکی نازک و جوان‌و لە شیراز:[2] ژیاوەو لە سالی ١١٨٣ مانگیدا لە کچی محەمەد خان کەلور لە دایک بوە.[3]

محەمەد ئیبراهیم خان ئەنوەر شاعری زەند دوای مردنی باوکی لە فیتنەی‌کورە مانە کانیدا چاوە کانی لە کیس چون و لە (عتبات عالیه معتکف) بوە. لە دوای سـالەهای سـال لەویـوە گەراوەتەوە (نەهاوەند) وە هەر لەو سالەی واگەراوەتەوە نەهاوەند مردوە.[4] ئـەمەش چـەن شیعری پارسی لەم شاعیرە:

## شیعر:

گرفتم این که رهم بسته‌اند در سر کـویت چه میکنند که دارد دلم نهـان بـتو راهـی

---

١ ـ کەریم خان دو کات ئەژمیر (دەم ژمیر) لەروژی سی شەمە ١٣ صەفەری سالی ١١٩٣ مانگی تیپە ریبو کە بارگەی بەرەو لای خوا تیکناوەو هەر وە کو لە (میژوی زەندی یە)دا میزا عەلی رەضای شیرازی نوسیویەتی (پەرەی ٨ نوسەخەی خەتی) گلکوکەشی لە نەجەفە.

٢ ـ شیریژ ـ شیراج ـ شیراژ: شیراز.

٣ ـ هەر وە کو لە کوبەی مجمل التواریخ: ٣٤٢) نوسراوەو ریکەوتی سالی (١١٤٧ـ١١٤٨)ی هەتاوی بووە.

٤ ـ هەر وە کو لە (مجمع‌الفصحا ١:١٠) و فارسنامه ١٤٣:٢) دا نوسراوە و لە (منتظم ناصری ج ٣) هاتووە سالی ١٢١٧ی) مانگیان نوسیوە. بە نەقل لە (مجمع‌الفصحا ١:١٠):

Dr.Saleh Ebrahimi



دلاچندیرهائیچو بس آنگه شو گرفتارش — که چندی عزتی دارند پیشش نو گرفتاران
چه خواهد مدعی احوال آنسیمینبدن پرسد — ز غیرت تاکند خون در دلم آید ز من پرسد
غرور حسن اگرچه ماه کنعانست نگذارد — که یکره شرح حال ساکن بیت الحزن پرسد
شدت لاغریم بین که نیفکند بدام — جنبش آن قدر که صیاد خبردار شود
هنگام عجز بوسم زان پای پاسبانش — کز شرم چون کشم پای بوسم من آستانش
هرگز مکن به وعده وفا گرچه با من است — ترسم خدا نکرده بدین شیوه خو کنی[1]

سالاریانی ئازربایجان له ٣٠٠ تا ٤٢٠ی مانگی ـ ئەمیرنشینی خوراسان له (٦٤٣ تا ٧٨٥ی مانگی یابراهوی به لوجستان له ١١٧٢ تا ١٣٠٠ی مانگی عەلی بن مەروان بن دوسته ك dwstak کەله (٩٩٠ی زاینی و ریکەوتی ٣٨٠ی مانگی تا ١٠٩٦ یزو ٤٨٩ی مانگی حوکومەتی دوسته کی مەروانی دامەزراند که به سەر دیار بەکروهەندی له شارەکانی ئەرمەنستانو له ١٠٢٥ تا ١٠٣١ به سەر ئەرفەدا حوکومەتیان کردوه له نیو ئەم زنجیرەدا ئەبو نەصر ئەحمەد بەشازادەیەکی کارزان، بەئەزمون، دادگەر، روناك بیروژیر ناو دارەوله ٤٠٢ یا ٤٥٣ی مانگی، حوکومەتی ئەبونەصر ئەحمەد ـی مەروانی لەلایەن خەلیفەی عەبباسی، شای ئالی بویەو بازیل ئیسلاو ئیمپەراتوری رومی شەرقی (بیزانس) دیاری کراوه که بەروالەت سەر بەخو بووه.

ـ شازادەکانی بەنوعەناز Annaz کەله ٣٨٠ تا ٥١٠ی مانگی و ریکەوتی ١١١٦ی زاینی له جیبال دا حوکومەتیان کردوه[2]

ـ زنجیرەی شازادەکانی شوانکاره له فارسدا له سەتەی یازده هەمی زاینی و ١٥٠ی مانگی تا ٦٠٠ی مانگی حوکومەتیان کردوه.

## ئەمەش ناوی هەندێ له ئەمیرانی شوانکاره

شازادەکانی شوانکاره (رامانی) له رەسەنی ئەردەشیر ـی بابەکانو له سەرەتای سەتەی

١ ـ (مکارم آلاثار) پەرەی ٥٧٨ تا ٥٧٩ بەرگی دوەم.
٢ ـ برواننه ك.ل هورات له کتیبی سوریه داچاپی ١٩٢٢ز

Dr.Saleh Ebrahimi



۵ی مانگی لە مەلبەندی فارس‌دا حوکومەتی سەر بەخویان ـ هەبووەو تا حودودی ۱۵۰ سال بەردەوام بوگەو داراب گردو نەیریز و تارم، ئیگ، ئیستە هبانات و ئەو ناوچانەیان بە دەس بووە، جا چون ئەردەشیریش لە تەک سەر زنجیرەی ساسانی هەر لەویوە سەریان هەلداوە بە کورد ناسراون.[۱]

شازادە عەلی رامان شوانکارە لە (۴۲۱)ی مانگی ژیاوە ـ شازادە سولەیمان رامانی شوانکارەلە (۴۱۵-۴۴۰) حوکومەتی کردوە ـ ئەمیرفە زلەوەیهـ رامانی شوانکارە لە حودودی ۳۸۵ بووە تەسپەهـ سالارو لە ۴۴۸ بو تەشای شیرازو ئەو ناو چانە ـ حەسەن خوسرەو رامان شوانکارە ـ سمایل رامانی شوانکارە ـ نیزامەدین. یەحیا رامانی شوانکارە لە روژگاری سەنقور سەلغوری ـ شازادە قوتبەدین موباریز رامانی شوانکارە لە ۵۹۷ی مانگیدا لە تەک براکەی‌دا پیاوانە بەر هیرشی هوزی (غەز) یان گرت و (بەردەسیر) و هەندی لە ناوچەی (کرمان) یان هینا بن‌رکیفی خویان ـ موزە فەرەدین محەمەد رامانی شوانکارە تا ۶۰۰ حوکەتی کردوەو...[۲]

شازادەکانی هەزار ئەسپان ئەتابەکی لورستانی گەورە (۱۱۴۸-۱۳۳۹) شازادەکانی ئەیوبی (۱۱۶۹-۱۲۵۰) زنجیرەی شازادەکانی دیاربەکروجزیرە ۲ شازادەکانی دینەوە روشارە زور (حەسەنوەیهان) ۳ و ٤ شازادەکانی هەزار ئەسب (فەضلە و یەی لورستانی گەورەو چکولە.[۳]

لەکاتی هیرشی مەغولدا دوشازادەی کورد ئاوقەی هەلاکو بون، بەلام تیشکان و کوردان شاری هەولیریان بە ۷۰۰۰۰ مسقال زیر لە هەلاکو کریەوە. و.نیکتین دەنوسی: کەچی دەلین: هەلاکو بەپشتیوانی سولەیمان شای‌ئیوائی کورد هیرشی کردە سەربەغا بەلام حسامەدین خەلیل ئەتابەکی لورستانی چکولە دژی سولەیمان شائیوائی کورد لەو گیروداره داتیاچو.[۴] ئەم سولەیمان شائیوائی یەکورد بووەو لەکوردەکانی ئیوائی حاکمی کوردستان بوە کە لە (بەهار) لای هەمەدانو سنەدانیشتووە و لە سەرەتای سەتەی ۸ی مانگیدا ژیاوەو لە سولەیمان بن

۱ ـ فارسنامەی کوری بەلخی ـ مەجمع‌الانساب نوسراوی محەمەدکوری عەلی شوانکارە.

۲ ـ فەرهەنگی موعین ئەعلام ۵ و ٦ و باوی کوردەواری چاپی ۱۳۵۸ لاپەرەی ۱۲۸ تا ۱۳۲ نوسراوی (شەپول) و لوغتنامەی دیهخدا ـ تاریخی دوەل و ئەماراتی کورد ج ۲ پەرەی ۱۳۱ و ئیقبال ئاشتیانی: تاریخی موفه سەلی ئیران جوزوی ۲ لاپەرەی ۱۵۰.

۳ ـ بروانە کتیبی رەشید یا سەمی لاپەرەی ١٦٧-۱۷۰-۱۹۲ و شەرەفنامەو ئەمین زەکی. و. نیکتین: کوردوکوردستان لاپەرەی ۳۸۸ تا ۳۹۱.

۴ ـ لاپەرەی ۴۵۰ تاریخ عەبباسی ئیقبال ـ ئاوریکی پاشەوە: حوسین حوزی موکریانی. و. نیکتین لاپەرەی ۳۹۲ـ

Dr.Saleh Ebrahimi



پەرچەم ئیوائی تورکومان جیایە کە خۆشەویستی موعتەصم خەلیفەی عەبباسی بووە، ئولجایتون (محمدخدا بندە) مە قەڕی حوکومەتی کوردستانی لە بەهار ەوە بر دۆتە سوڵتان ئاوای چەمچەماڵ.[1] کە بە داخەوە، ئەو شازادانە هیچیان بۆکورد نە کردوە، هەرچەند خۆشیان سەرکەوتوبون،یاحوکامی هەکاری (شەنبوها) حوکامی عیمادیە: (بهدینان) حوکامی جزیر و بۆتان یا ئازیزان، گورگیل و فنک، حوکامی حەسەن کیفا.[2]

ئەلین دایکی مەروان حەکەم ئاخرین خەلیفەی ئەمەوی کورد بووە و کوردان دوای وەرگرتنی ئیسلام خۆیان حوکومەتیان ساز داوە. بۆوێنە راپەرینی غولامانی زەنگی لە ٨٧٥.[3] لە مێژودا ناوی چەن باڵول دێتە بەر چاومان ئەلف: باڵوڵی خارجی: کەشارەکوری بەشەری شەیبانی موسڵی کەلەکوردانی دەورو بەری موسڵ بووەو لە ١١٩ی مانگیدا لە هیشامی کوری عەبدولمەلیک ئەمەوی[4] راساوەو راپەریوەو لە موسڵەوە تاکوفەی هێناوتە بن فەرمانی خۆی و لە پاشان لە شەڕ داکوژراوە ئەمە **خۆی نیشانەی راپەرینی کوردە لە** سەرە تای ئیسلامەوە.[5] ب: باڵوڵی مەجنون: ئەبو وەهیب باڵوڵی عەمر صەیرە فی کوفە کەلەکوردانی ئیران و شاگردی حەزرەتی **ئیمام** جەعفەر صادق بووەو شیعری بەکوردی هەیە لەساڵی ١٩٠ی مانگیدا مردوە.[6] ج ـ باڵوڵی شولی کە یەکێک لەعاریفانی مەزن و شاعیر بووە، ابن (بطوطه طنجەلی) لە سەفەرنامەکەی خۆیدا ناوی بردوە کە لە لورستانا چاوی‌پێی کەوتوەو قسەی لەتەکیا کروە.[7] یافارس یافەریس کوردی جزیرو بوتان لە جەنگی تەن بەتەنی لەگەڵ یەکێ لە پاڵەوانانی هارونە رەشید (٧٨٦-٨٠٩)دا سەرکەوتووە یائەفشین «محەمەد» کە دوای شەڕ کردن لەگەڵ دوژمنانی خەلیفە (٨٦٨-٩٠٥) فەرمانی حوکومەتی شارەزورو

---

١ ـ و. نیکتین لاپەرەی ٣٩٠ چاپی ١٣٦٦ تەرجەمەی محەمەد قازی. یاد داشتی ١٥٣ تاریخ دوەل و ئەماراتی کورد بە عەرەبی نوسراوی ئەمین زەکی و خوش کراوی محەمەد عەلی عەونی هەرچەند محەمەد عەلی عەونی سولەیمان شای ئیوائی کوردی بە تورک داناوەو لە تەک سولەیمان بن پەرحەم ئیوائی تورکومان بە یەکی زانیوە.

٢ ـ و.نیکتین ٣٩٧

٣ ـ مێژوی دەوری عەمارەت حوسێن حوزنی موکریانی ـ و. نیکتین کوردوکوردستان لاپەرەس ٣٨٦

٤ ـ هیشام لە ٧١ تا ١٢٥ مانگیو و ٦٩٠ تا ٧٤٣ی زاینی حوکومەتی کردوە.

٥ ـ بروانە دائرەالمعارف پطرس بستانی پەرەی ٦٤٤ جەلدی ٥.

٦ ـ فەرهەنگی دیهخدا پیتی ب و دائرەالمعارف پطرس بستانی. بروانە گرشەی کوردستان ژومارەی ٢ و ٣ لاپەرەی ١٢ چاپی خاکەلیوەوگولانی ١٩٨١ زکەچەن شیعری لە بالول بلاو کردۆتەوە.

٧ ـ سەفەرنامەی ابن‌بطوطه لاپە رەی (٢٠٩ و ٢١٠).

Dr.Saleh Ebrahimi



ئازربایجانی، یانێ ئەو هەرێمە جوان و پرپیت و بەرەکەتەی لە (مووەفەق خەلیفەی عەبباسی) وەر گرتووەو لە دواییشدا بە داوینەی حوکومەتی خۆی پەرەی داوە، باوەکو عەبباسیەکان پیان ناخۆش بووە یاراپەرینی بابەکی خورەم دین کە لە ٨١٦ و ٨١٧ راپەریوەوتا ٨٣٧ ئەو راپەرینە درێژەی هەبووە بە دژی عەباسیان[1]

کورد لە سەتەی ٧ تا ١٥ـلەنیو زنجیرەی کوردان ئەتوانین دیاردی بە زنجیرەی شەدادیان بکەین ئەم زنجیرە لەحودودی سالی ٩٥١ (٣٤٠ی مانگی) بە هۆی با هۆی محەمەد شەداد بن کەرتۆ Karto لەخێڵی رەوەدی یا رەوادی کە لە هۆزی صەلاحەدینە، حوکومەتی شەدادیانی دامەزراندوە.

ئەم زنجیرەلە ١٠٧٢ (٤٦٥ی مانگی) بووە، دوشاخە، ١ـ شاخەی گەنجی ٢ شاخەی آنی Ani، حوکومەتی ئانی نۆبە بە نۆبەو جار بەجار ئەکەوتە دەس گورجیان لە (١١١٤ تا ١١٢٦) و ئەو ساکەوتەوە دەس شەدادیان لە (١١٢٦ تا ١١٦١ و لە ١١٦٥ تا ١١٧٤) مەلیک شای سەلجوقی حوکومەتی لەدەس شەدادیان سەند وئیترتیا چون[2] حوکومەتی شەدادیان، شازادەی ئەم زنجیرە بە سەر خەلکێکدا حوکومەتیان کردوە کە زۆربەیان ئەرمەنی بون، شازادەکانی شەدادی بینای مێژوی جالبیان ساز داوەولیان جیمارە، بۆوێنە دو مزگەوت بەسەبک و شێوەی میعماری محەللی لە ئانی داکەبە شاری هەزارویەک کلیسا ناوداره، فەرهەنگی کوردە ئیرانیەکان لە گەنجەو لە آنی دا لەسەر فەرهەنگی ناوچەکە بووە، مێژوی زنجیرەی شەدادیان هەر جوانی و لوتف و خیروخۆشی لی باریوەو تەژی و پریشەلە جەنگ و کوسب و قورت لە رێگای خزمەت کردن بەئیسلام.[3]

## رەوادیانی هەزبانی: شەدادیان

لەسەتەی چوار و پینجی مانگی لە ئازربایجان و ئەو ناوەدا بنەماڵەیەی گەورە لە رەسەنی

---

١ ـ بروانە شەرحی ئەو راپەرینەی بابەک کە تایب کراوەو ئامادەی چاپە بەقەڵەمی (شەپۆل) کە ٨٥ لاپەرەیە.
٢ ـ سەیدئەحمەد کیسرەوی شەهریانی گوم نیو ـ مینورسکی: موتالەعات لەبابەت مێژو لە تاریخی قەفقاز ـ ا ـ نوری تازە بە سەرمیژوی شەدادیانی گەنجە ٢ ـ شەدادیانی ئانی لە سیری بلاوە، سەبارەت بە خورهەلات بەهۆی زانکوی کومبەریج ج ٦ (١٩٥٣)
٣ ـ و.نیکتین ـ کورد و کوردستان لاپەرەی ٣٨٦ و ٣٨٧.

Dr.Saleh Ebrahimi



کورد بەناوی رەوادی لە ئەرمەنستان و نیزیکی **دوین** ژیاون و بە فەرمودەی کوری ئەسیر باشترین نیژادی کورد بون و باو باپیرانی سوڵتان صەلاحەدین ئەیوبی دەچنەوە سەر ئەم رەوادی یانە[1] شازادەکانی شەدادیان لە ئەران (ئاران) کە لە باکوری ئیران و روژاوای زەریای خەزەر دایەو شارە گەورەکانی ئەوی: باکۆ، نەخجەوان. **گەنجە**، شەماخی و دەربەند ـ ە و یەکێک لە شارە کۆنەکانی ئەوە پەردەدار یابەردەعەیە کە بەفەرمودەی یاقوتی حەمەوی دەروازەیەک لە **بەردەعەدا** هەیە بەدەروازەی **کوردان** ناودارە و ئەونە کوردی زاناوداناو... تیدابووە، بۆیی لەژومار نەهاتووە[2] شەدادیانی رەوادی یابەنی شەداد ـ ی کورد لە **٣۴٠** تا **۵٧٠**ی مانگی حوکومەتیان کردوە ـ **سەرزنجیرەی شەدادیان: محەمەد** کوری شەداد بووە کە لە **٣۴٠**ی مانگی لە ئاران (ئالان) بناغەی حوکومەتی داناوە، دوای گرتنی هەمو سەر زەوی ئەو ناوەلە **٣۴۴**ی مانگیدا وەفاتی کردوە. یا ئەبو حەسەن لە شکری شەدادی کە لە **٣۶٠**ی مانگی راپەریوە یامەرزەبان شەدادی کە لە **٣۶٨**ی مانگی تا **٣٧۵** کە بە دەسی فەزلون کورژاوە ـ یافەزلونی شەدادی، دوەمین بنیات نەزانی شازادەکانی شەدادی کە لەچاخی ئەم دا سەرانسەری **ئەران و بدوین** و بەشێ لە ئەرمەنستان کەوتە بن فەرمانی خۆی. لە ساڵی **٣٧۵**ی مانگی بووە حاکم و بۆ ماوەی **۴٨** ساڵ پاشایی کردوە، فەزلون زۆرکارزان، خەڵک پەروەر، خۆش رەفتار، خۆش‌خو و جوامێر بوو لە ساڵی **۴١٨**ی مانگی **پردیکی** جوانو گەورە و پتەوی لە سەر چەمی ئاراز سازدا. فەزلون لەتەک شازادەکانی ئارانشاهی کە لە رە سەنی ساسانی و کوردبون شەڕی کردوە، بە قسە یەک کورد کوردی کوشت و بەیارمەتی سەمباد ـ ی برای بەشێ لەگورجستانیشی گرت و لەساڵی **۴٢٢** وەفاتی کردوە. یا ئەبوحەسەن لە شکری دوەم کە لە **۴٢۵** بۆتەشا و **١۵** ساڵ پاشایی کردوە،[3] کە تولەی (فەزلون و مەملانی) لە ئەرمەنیان و گورجیان سەندوە کە بەگزی و فزی ئەو دو ئەمیرە کوردەیان لەشەڕدا تێک شکاندبو. قەتران

---

١ ـ بەلام رەوواد بەفەرمودەی کوری خەلەکان فەیلەسوفی میژو هوزی ئەزود ـ ی عەرەبی یەمەن بون و کوچیان کردوتە ئازربایجانو نیشتەجی بون و رَوّاد کوری مثنی کە لە زەمانی مەنصور عەباسی بوتە والی ئازربایجان ـ تاریخی دوەل و ئەماراتی کوردی ـ شاریارانی گومنیو ـ کیسرەوی.

٢ ـ معجم‌البلدان نوسراوی یاقوتی حەمەوی چاپی بیروت لەمادەی بەردەعە وە ئاوینە ژمارەی ١٠ ساڵی ١٣٧١ لاپەرەی ۴۵ نوسراوی (شەپۆل) و کتێبی ناودارانی کورد باسی خانای قوبادی کە ئامادەی چاپە بەپێتی کامپیوتیر (رایانە) حروف‌چینی کراوە ـ لاپەرەی ٣١٨ نوسراوی (شەپۆل)

٣ ـ قەترانی شاعیر زیاتر لە ١۵ تیکەشیعرو قەسیدەی لە پەسنی ئەم شازادەدا و توە.

Dr.Saleh Ebrahimi



دەڵێ:

لشکری را کُشت کو را مرگ نتوانست کُشت     قلعه‌ای را کَند کانرا چرخ نتوانست کَند

* * *

ایزد از هر عید هست امروز راضی تر ز تو     زانکه کافر کُشته‌ای بر جای گاو و گوسفند

نشسته شاه شدادان به تخت ملک دلشادان

رخش چون لالۀ نیسان،کفش چون ابر فروردین

ئەمیر شکری **کۆشکی** جوان و پتەوی بە ناوی لە شکراوا لە **شاری گەنجە** لێی جێماوەو چوار کوڕیشی بە ناوی مەنوچیهر، ئەنەوشیرەوان، گۆدرزوئەردەشێر هەبووە و قەتران لە شیعری خۆیدا یادی کردون، دەڵێن بەیتی لە شکری کوردی بە یادی ئەوە ـ یا ئەنەو شیرەوان شەدادی کوڕی ئەبو حەسەن لە شکری کە لە ٤٤١ لەجێی باوکی دانیشتووە ـ یائەبوسوار شاوور شەدادی کوری فەزلونی شەدادی[١] یا ئەمیر کەیکاوس و ئەبو سوار[٢] کە ئەبوسوار، ئەبی‌راد، کەئاشودی براچو کوڵەی هوهانیس‌ی ئازاد کردبوو برێکیش بزۆز بو، فەرمانی کوشتنی داو لەگەڵ داویت بیخاکیش جەنگیوە. ئەم کارانەلە ئانی ئەرمەنستاندالە ٤٢٨ی مانگی قەرماوە ـ لە ساڵانی ٤٣٢ کە ئاشود و هوهانیس مردن ئاژاوەو دو بەرەکی لە ئەرمەنستان پەیدابو، لەوسەردەمەدا ئەبو سوار **دوێن** و هەندێ لە ئەرمەنستانی لە دەسابو، ڕۆمیان کە غاغیق کوڕی ئاشود ـ یان، فیریودا، ویستیان ئەبوسوار لەنێوبەرن بەڵام لە ٤٣٨ پیاوانە زۆربەی سوارەهێرش کارەکانی تورکی قوستەنتەی لەنێو برد. لەئاکامدا ئەبو سوار دوبارە شاری ئانی گرتەوە دەس و یارمەتی ئەمیر کەیکاوسیشی داو خۆی لە **گەنجە** دانیشت ـ یائەبو فەزلونی دوەمی کوڕی ئەبوسوارکە بووە جی نشینی باوکی لە گەنجە. هەروەک کوڕی ئەسیر لە روداوەی ٤٩٢ ئەنوسێ ئەبو فەزلون لە ٤٨١دا لە شەڕ لە گەڵ مەلیک شای سەلجوقی‌ی دەشکێ و دەگیردرێ و دەبرێتە بەغداله ٤٨٤ لای بەغدا وەفات دەکا ـ قەتران لە شیعری خویدا پەسنی ئەبوفەزلونی زۆر کردوە.

---

١ ـ لوغەتنامەی دهخدا حەرفی ئەلف پەرەی ٣٧٠

٢ ـ قابوسنامە پەرەی ٣٩ تا ٤١ چاپی تاران

Dr.Saleh Ebrahimi



## ناوی هەندێ لە شازادەکانی شەدادی:

ئەبو سواری کورد حاکمی ئانی ـ ئەمیرفەزلون شەدادی لە ای مانگیدا حاکمی گەنجە بووە.
ئەبوشوجاع مەنوچیهر ـ ی کوڕی شاوور ـ ی شەدادی لە حودوی ٤٥٠ بو ماوەی سی و چوار سالْ حوکومەتی کردوەو لە ئانی مزگەوتی جوانی ساز داوەو لەگەلْ ئەرمەنی یەکان زۆر بەینی خۆش بووەو چاک سازاوە. ئەبونەصربرای مەنوچیهر کە لە ٤٩٩ بەدەس قزل ناوێکی تورک لە شاری لورە ـ ی لای تفلیس کوژراوە ـ ئەبو سوار شاوور دوەم شەدادی کاتێ مەنوچیهری باوکی لە ٥٠٣ ی مانگیدا مردوە ئەبو سوار کە لە ٥١٨ ی مانگی گیراو حوکومەتی لە دەس چو کەشەست سالْ زیاتربو موسوڵمانان بە سەر ئانی دا حوکو مەتیان دە کرد ـ ئەبوسوار سێ کوڕی بەم ناوانە هەبو (فەزلون، خۆش چیهر و مەحمود) کە بونەحاکم ـ فەزلونی ٣ ی شەدادی کوڕی گەورەی ئەبوسوار، دوای ٧ سالْ حوکومەت لە ئانی لە ٥٢٥ ی مانگیدا شەهید کرا ـ خۆش چیهری شەدادی ماوەیەک لە جێی کاکی حوکومەتی کردو ئەوسا، مەحمود ـ ی برای: حوکومەتی دا دەس فەخرەدین شەداد شەدادی. لە ٥٤٩ حاکمی ئانی ئەرمەنستان بووەو ئەوسا فەزلونی چوار کوڕی محمود تا ٥٥٦ حاکم بووەو لە ٥٥٩ دا شاهەنشا کوڕی مەحمود بووە شای ئانی و ئەو ناوە ناوە تا ٥٩٦ حوکومەتی کردوە.

میری میران میرشامحەمەد (میری سۆران) لەسەرەتای سەتەی ١٩ زدە وە لە (١٢٢٩ تا ١٢٥٤ ی مانگی بە لەشکریکی ٣٠٠٠٠ ی هەزار کە سیەوەلە ڕە واندز حوکومەتی کردوەو سەکەی لیداوە وخود بەی بەنیو خویندراوە و تۆ پی ساز داوەو زۆربەی سەرزەوی کوردنشینی هێناوەتە بن فەرمانی خۆی و لەخۆراواوە تا نەسیبەین و ماردین ی لەبن دە سابووەو لە ١٨٢٦ ی زاینی سەربەخۆی کوردستانی ڕاگەیاندوەو لە گەلْ دەوڵەتی ئێران و میصردا پێوەندی رامیاری دامەزراندوە، هەمودەزانین میرشامحەمەد میرمیران لە شۆرشی ١٨٣٢-١٨٣٩ ی میصر کەلْکی وەرگرت و هەندێ سەرانی کوردی لەخۆی ئالاند، وەک محەمەد پاشای سیواس، سەعید بەگ، جادوای تێشکانی تورکان لەمانگی مەسالی ١٨٣٩ لە نەسیبەین مەحمود پاشا لە سولەیمانی ڕاپەری و ڕوس و ئینگلیس لە ١٨٤٣ بە سودی ئێران و عوسمانی کاریان کرد. و نەیان هێشت ئێران و تورکی عوسمانی پێکەوە بە شەڕبێن و کوردیان لە نێو برد.

Dr.Saleh Ebrahimi


# کوردستان و نه‌ته‌وه‌ی کورد:

بۆیه که‌مجار له سالی ٤٠١ی به‌ر له دایك بونی عیسا مه‌سیح گزنفون سه‌رداری یۆنانی کاتیٚ به ١٠ هه‌زار سواره‌وه له کوردستان به ده‌ستی کورد تیٚ شکاوه، ناوی کوردو کوردستانی هیٚناوه.

☐ ئوروپائیان کوردستان به سویس ناوده‌به‌ن.

☐ میٚژوزانان کوردستان به سه‌رزه‌وی شوجاعان و دلیٚران ناو ده‌به‌ن.

☐ پان و به‌رینایی کوردستان ٤٠٨٢٩٢ کیلومیتر زیاتره، که له نیٚوان ده‌وڵه‌تی تورکیا، ئیران، عیٚراق، سوریه و ئاسیای ناوه‌راست (شوره‌وی به‌رو) دابه‌ش کراوه.

☐ ٢٨ تا ٣٢ میلیون کورد له کوردستان ده‌ژی، له تورکیا ١٤ تا ١٨ میلیون، له عیراق ٤ تا ٥ میلیون له ئیٚران ٦ تا ٨ میلیون، له سوریه یه‌ك و نیو تا ٢ میلیون له ئاسیای ناوه‌ندی یه‌ك تا ٢ میلیون کورد هه‌یه.

☐ له لوبنان ٢٥٠٠٠٠ تا سیٚ سه‌ت هه‌زار له کووه‌یت ١١٣٠٠٠ تا ٢سه‌ت هه‌زار، له فه‌له‌ستین ٦٣٠٠٠ له ئوردون ٦٣٠٠٠، که‌س، له میصر، مه‌دینه‌و مه که زیاتر له ٥٠٠٠ که‌س، له پاکستان ٢١ ئاوایی کوردنشین له کووه‌یته ده‌ژین:[1] کوردیٚ زۆریش له کوردیچالٚ، حه‌سه‌نکیف، که‌لات، نورو... لای ده‌ریای خه‌زه‌ر ده‌ژین.

☐ له ئه‌فغانستان، هیرات، کابول کورد هه‌یه.کوردانی کۆچه‌ر له ئوروپاو ئه‌مریکا زیاتر له ٥٠٠٠٠٠ تا ٧ سه‌ت هه‌زار، له سوئید ١٦٠٠٠ تا دوسه‌ت هه‌زار کورد هه‌ن.

☐ کورد نه‌ته‌وه‌یه‌کی ئاری‌یه‌که زیاتر له ٥ هه‌زار سالٚ به‌ر له زاین له مه‌ڵبه‌ندی خۆر هه‌ڵات که

---

١ ـ له کووه‌یته‌و پیشین ٥٦٤ بنه ماڵه، له شارسپی ٣٣٨ بنه ماله، له شارچاغی ٢٣٧ بنه ماڵه له شاری لورالائی ١١٢ بنه ماڵه، له شاری قه‌ڵات یا که‌ڵات ٤٤٥ بنه ماڵه، له شاری خاران ١٠٩ بنه ماڵه، له مه‌کران ٢٧٨ بنه ماڵه، که به تیکرا زیاتر له هه‌شت هه‌زار بنه ماڵه، له پاکستان ده‌ژین. به‌ریٚز میرگولٚ، نه‌صیرخان له میٚژوی به لوجستان ج ٢ـ چاپی کووه‌یته‌دا ئه‌نوسیٚ: میر عبدالعزیز خانی کورد و میرالواهیدخان سه‌ردار هۆزه‌کانی کورد، له به لوجستانن، کورده‌کانی به‌لوجستان و پاکستان و هه‌ریٚمی خاش له ئیراندا، به زمانی به‌لوچی قسه ده‌که‌ن، به‌لاٚم کوردی قوچان و ده‌زه‌گه‌زو... که زیاتر له ٢ میلیونن به کرمانجی سه‌رو، به زمانی کوردی ده ئاخوین: سه‌رچاوه: گرشه‌ی کوردستان: کۆزانی فه‌رهه‌نگی زمانی کوردی چاپی ١٣٥٩ی هه‌تاوی و ١٩٨١ زاینی نوسراوی (شه‌پۆل) لاپه‌ره‌ی ٤٢و ٤٣و ٤٤ تا ٦٤.

Dr.Saleh Ebrahimi

ئیستا لێی دەژی، نیشتە جێ بووە.

□ ٨١ ساڵ بەر لە زاین کورد حوکومەتێکی بە ناوی ماد، دامەزراندوەو پێتە ختەکەی هەمەدان بووە کە ئێستا بەشێ لە ئێرانە.

□ لە ساڵی ١٩٠ مەڵبەندی کوردستان بە تایبەت بەشی شارە زور (سولەیمانی و هەڵەبجەی سوتاو بە دەس صەدام: هێروشیمای کوردستان، یانی لە هەولیرەوە تا هەمەدان کەوتبووە بن دەستی رومیان،

□ لە ساڵی ٦٣٩ی زاینی دوای راونانی رۆمی و یونانیان و ئازادبونی کوردستان نـەتەوەی نەجیبی و خودان برۆای کورد بە دڵ و داو، دینی پیرۆزی ئیسلامی وەرگرت.

□ زور یا شارە زور لە جنوبی خۆرهەلاتی سولەیمانی دایە، شـارە زوری (شـمس‌الدیـن محمدبن محمود حەکیمی سەتەی ٦ و ٧ی مانگی دانەری (نزهةالارواح و روضةالافـراح) خزمی سورەوەردی (سوهروردی شیخ اشراق) شیخی شەهیدەو شەرح و راوەتـی لە سـەر (تلویحات و حکمةالاشراق)ی شیخی ئـیشراق نـوسیوە، هـەرواکـتێبی (الرمـوزوالامثـال اللاهوتیة فی الانوار المجردة الملکوتیة)ی نوسیوە کە (شیخ عەلی کوڕی محەمەد ناودار بە مصنفك کە لە ٨٧١ی مانگی وەفاتی کردوە، شەرح و راوەتی داوەو پەیرەوی رێبازی ئیشراق بووە، زانایانی شارە زور ئەونە زۆرن لە ژمارە نایین:[١]

□ لە چریکەو چیرۆك دایە کە (قوقنوس: قەنەس)[٢] مەلێکە، جوان و دەنگ خۆش و نەخشیلکە، دنوکێ سپی هەیە کە شەست کونی تیدایەو لە سەر چیایەکی بەرزو بڵیند رو بە بادەنیشێو دەنگە دەنگێ سەیرو عەجبات لە دنوکی یەوە، دێ، دەڵین: هەزار سال دەژی، جاکاتێ هـەزارەی تەواوکرد، نیشانەی مەرگیەتی و دێ پوش و پلاشێ زۆر کۆدەکاتەوە و لە سەری دەنیشێو دەس دەکا بە خوێندن تا مەست و مەدهوش دەبێو باڵەکانی لێك ئەداو ئاگرێ لە باڵەکانی دەبێتەوەو دەکەوێتە نیوگژوگیا ئاگر، تێ بەر بووەکەو لە نیو ئاگری خوێدا دەسوتێو لە بوڵ و خوڵەمێشی خوێدا هیلکەیەك بە دی، دیێو لەو هێلکەش قەقنەزێ دیکە، پەیدا ئەبێ. دەڵین: نێرینەی نییەو موسیقی‌یان لە دەنگ و ئاوازی ئەو مەلە هەڵگرتووە.

---

١ ـ بروانە کتێبی زریزەی زیرین نوسراوی شەپۆل، پەرەی ١٦١ تا ١٥٥ چاپی ١٣٧٢ی هەتاوی و زانایانی کورد، نوسراوی (شەپۆل) بەرگی ٣ لاپەرەی ٨٠ تا ١٠٠ کە حروف چینی کراوە.

٢ ـ قەقنەز: باڵدارێکی خەیالییە، دەڵین: دەخوێنیێو باڵ لێك ئەدا، ئاگردەگرێو دەسوتێ، شتی تەواو سوتاو ـ هەنبانە بورینە: قەقنەز.

Dr.Saleh Ebrahimi


لە نێوان چریکەو چیرۆکی نەتەوەی رەسەن و ئازاو کۆڵ نەدەری کورد وئەم مـە لە، ئەتوانین شەباهەت ببینینەوە، چونکا ئەو پەلەوەرە بێوێنە، چەندین جار لە نێو ئاگری خۆیدا سوتاوەو دوبارە سەری هەڵ داوەتەوە، کوردی، بەش خوراو، لەت لەت کراویش تا ئێستا لە لایەن داگیرکەرانەوە لە هەر مانگ وکژو ساڵو سەری ساڵدا، وەك کەوەر بریویانەتەوەو چینە گەنج و لاوە ئازاو نیشتمان ویستو نەترسەکانی نەتەوەی نەجیب و بێ کەس و دابەشکراوی کوردیان قەڵت قەڵت کردوە و بەرە بەرەو چین چین بریویانەتەوەو ئەنجن ئەنجنیان کردون و لە سێدارەیان داون و لە سەر خاکی باو باپیرانی خویان نابودیان کردون، بەڵام وەك کەوەرشین بونەتەوە و خوازیادی کردون، کوردیش خۆی گۆڕیوەو لە راست دژودوژمنان و داگیرکەران رەق راوەستاوەو بەم ئایە تەعەمەلی کردوە: انالله لا یُغَیِّروامابِقَوْمٍ حَتّیٰ یغیروا مابانفُسِهِمْ لە هەمان کاتا چاوی لەوە بووە، کە خوا رۆژێك تۆڵەی بستینیتەوەو سەرکەوێ جائەوە یە، کۆڵی نەداوەو پشتی بە خواو هێزو بازۆڵەی رۆڵە، ئازاو نەبەزەکانی خۆی بەستووە، بۆیی کورد، دەڵێ: (خوا تولەی بزنی کۆڵە لە بزنی شاخدار، دەستنێ) خودایش فەرمویەتی: [وکذلك نجزی الظّالمین][1] ئابا بزانین وایە خوا بۆمان تولە دەکاتەوە یا تولەی ئێمەی ساندۆتەوە

ئێمە ئەگەر لە باری دینی و خودایەوە بروانین و ورد بیر بکەینەوە دەزانین، نەتەوەی کورد بە درێژایی ژیانی خۆی بە تایبەت دوای ئیسلام خزمەتێ زۆری بە فەرهەنگ و عیلم و زانین کردوەو بۆ پتەوکردنی بنچینەی عیلم و تەمەدونی ئیسلامی نەخش و روڵێ زۆر گرینگو بەرچاوی هەبووەو هەیە، ئەوەیە ئیمام محەمەد غەزالی ئەم فەیلە سوفە عارفە گەورەی دنیای ئیسلام فەرمویەتی: فەرهەنگو عیلم و زانینی ئیسلام لە سەر چوار ستون دانراوە کە سێ لەو کۆڵەکەو ئەستونانە: عولەماو زانایانی ناوچەی ئامێد، شارە زورو دینەوەرن کە کوردن، ئەگەر خوازانایانی ئەوسێ هەرێمە (کوردنشینەی) بە ئیسلام نەدابایێ فەرهەنگ و عیلم و زانـینی ئیسلامی ئاواپەرەی نەدەگرتو نەی دەتوانی ئاوا قەوام و دەوامی هەبێ،[2] ئەمە شایەدیکی گەورەیە، بۆ نەتەوەی کورد، بۆوێنە (عبدالسلام ماردینی) کە مامۆستای زانکۆی ئەزهەری قاهیرە بووە عیلمی ریازی لە دەسیا وەك میو وابووەو زانینی شیمی داهێناوە، یا ئەبو حەنیفەی

---

١ سورەی ئەعراف ئایەتی ۴۱.

٢ - خدمات متقابل چاپی اول نوسراوی ئوستاد موتەهەری چاپی سالی ۱۳۶۱ پەرەی ۱۲۰ تـا ۱۱۰ و کـتێبی زریزەی زێرین نوسراوی (شەپۆل) پەرەی ۱۶۱ تا ۱۵۵.

Dr.Saleh Ebrahimi

دینەوەری کە گیاناسیّ گەورە بووەو عیلمی شیمی داهێناوە یا محیدین خەلاتی کە عیلمی ریازی زورچاك زانیوەو لە دانانی رەسەدخانەی مەراغا بەشدار بووە، یا(ابن رسول) ساوجبلاغی و عەللامە کەمالەدین هەولیری و ئیمام ئەو رەحمان خازینی کە عیلمی ریازی لە دەستیاندا وەك میو وابووە، دیارە: ئەمرۆ دینا لە سەر زانینی ریازی دەسوریّ. یا (ابن جنی) داهێنەری (فقه‌اللغه) یا (ابن صەلاح) شارەزوری. مێژو دەڵیّ: چوار کتێب لە دنیای ئیسلامدا بنەرەتن بۆ ویژەو ویژەوانی لە زمان و ئەدەبی عەرەبدا کە دوانیان: ۱ ـ نەوادر ۲الادب الکاتب نوسراوی زانایانی کوردە: کە ئەبو عەلی قالی دیار بەکری و (ابن قتیبە دینور)ی داینا‌ون. لە خواناسان کەسانیکی وەك (تاج العارفین) ئەبولوەفای کورد کە حەکیم سەنایی لە پەسەندی دا فەرمویەتی: [قرنها باید کە تا از پشت آدم نطفەیی ـ بوالوفای کُرد گردد یا شود (وَیسِ) قَرَن] یازاتێکی وەك شیخ شەهابەدین سوهرەوەردی پیری دەستگیری سەعدی شیرازی کە سەعدی لە بابەت ئەو زاتەوە فەرمویەتی:

[مقالات مردان زمردی شنو — نە از سعدی از سهروردی شنو
مرا شیخ دانای مرشد شهاب — دواندرز فرمود برروی آب
یکی اینکە درنفس، خودبین مباش — دگر آنکە درجمع بدبین مباش]

لە فەلاسیفە زاتێکی وەك شیخی ئیشراق، شیخ شەهابەدین سورەوەردی کورد ـ لە ئومەراو حاکمان: زاتێکی وەك سەلاحەدین ئەیوّبی، لە صەحابەی پێغەمبەر کەسێکی وەك (جابان) جاوانی کوردیو ئەبو بەسیری کوری کە دوای ئیمان هێنان ئەبوبەسیر چوتە چیای (ذوالمروە) و لەوێوە زۆری بو کاروانیانی قورەیشی کافر هێناوە و بوتە هۆی لە غوکردنی مادە کانی پەیمانی حودەیبییە کە بە دژی ئیسلام بووە. ئەوەیە، خوا لە قورئاندا نەتەوەی کورد بە (اولی بأس شدید)[۱] ناو ئەباو عەللامە (سید محموود) ئالوسی لە تەفسیری (روح‌المعانی)دا لە تەفسیری ئایەتی ۱٦ سورەی فەتح کە لە بابەت کوردەوە بۆ پیغەمبەر (د ـ خ) بە خەڵات هاتووە فەرمویەتی: [وبالجملة ان الاکراد مشهور بالبأس] خاوەنی تەفسیری (ابن کثیر) فەرمویەتی لە پیغەمبەرەوە نەقل کراوە: مەبەست لە (...اولی بأس شدید) هۆزی کاڵە مویینە کە کوردنو

۱ ـ سورەی فەتح ئایەتی ۱٦

Dr.Saleh Ebrahimi

بارزانین [1] جا چونکا نەتەوەی کورد دڵ و دەرونی خۆی لە بەر نوری خودا راگرتووە خوایش نوری خستۆتە نێو دڵ و مێشك و هەناویان، دیارە عیلم نورە کە پێغەمبەر فەرمویەتی: [العلم نور یقذفه الله فی قلب من یشاء] جا کاتێ جوان بیر بکەینەوە، کورد کە خۆی گۆڕی و لە راست دژو دوژمنان راوەستاو داوای مافی رەوای خۆی کرد، پشتی دا بە پشت یەکترینەوەو یەکی گرت تا مافی خۆی بە دەس بێنێ، کەچی یەکێ وەك بومدیەن لە ئەلجەزایر کە هەشتساڵی شەری کرد، بە سەر بە خۆیی گەیی، چاوی هەڵ نەدەهات کورد لە رۆڵەکانی سەلاحەدین [2] بە ما فی رەوای ئینسانی و ئیسلامی خۆیان بگەن، ئەوە بو خوا تولەی کوردی و الیێ سەندەوە کە دەسی دەنا پیسایی خۆی و نەجاسەتی خۆی دەخوارد، چونکا تاوانباری دەرجە یەك بو، بۆ لە نیۆ بردنی راپەرینی ١٩٧٥ی کورد، شای ئێرانیش [3] بە تف و (الله اکبر) وتنی منداڵانی مەعسوم و بێ تاوانی ئیران و کوردستان دەرکراو بە ئاوارەیی گۆڕی گوم کرد، صەدام حوسەینیش کە هەڵەبجە: هیروشیمای کوردستان و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی بە بۆمی شیمیاییو بە بۆمی خەردەل و بۆمی سیانور ئاگرداوکانیاوەکانی ناوچەی کوردەواری بە سیمەتنوگرت و کوردی کوشتو ئاوارەی هەندەرانی کردن وبەناوی ئەنفال شرتوگومی دەکردو کوردی نابود کرد، خوایش بەو دەردەی بردوە کە هەر رۆژیکی مەرگ‌و تۆپینەو بە زیندویی بۆگەنی کردوە.

دیارە دەبێ بزانین و بڕوامان هەبێ کەلەمەو لاش هەرکەس و هەر زاڵم و مارزیك بیەوێ زوڵم‌و زۆر لە کورد بکا خوا بە دەردی ئەو زاڵمانەی دەبا (وکذلك نجزی الظالمین) کەلامی خودایە، ئەمە لە بارەی دینی و خودا‌یەوە، بەلاّم لە باری ئینسانیشەوە، بە پشتیوانی خوا و ئینسانە مرۆڤ دوستەکانی دنیای ئازادو مرۆڤ خۆشەویست و بە یارمەتی رۆڵە ئازاو نەبەزەکانی کوردو چینی خاوەن فەرهەنگ و گەنجان و لاوانی روناك بیرو ژیری نەتەوەی کورد،

---

١ - ئەلقاموس، نزەو پیتی جیم الاصابة فی تمییزالصاحابە: حافظ ابن حجر عەسقەلانی، نەقلّ لە تەفسیری روح المعانی نوسراوی عەللامە ئالوسی ج ٢٥ چاپی ۴ بیروت ١۴٠۵ی مانگی و ١٩٨۵ی زاینی پەرەی ١٠۴ و ١٠٢ لە واتای ئایەتی [... الی قوم اولی باس شدید] ئایەتی ١٦ سورەی فەتح‌و تەفسیر ابن کثیر، پەندیا ئەمثالی قورئان نوسراوی (شەپۆل) پەرەی ١١٩ تا ١۵۴ چاپی تاران ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی و زریزەی زیرین نوسراوی محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) پەرەی ١٦١ تا ١۵۵.

٢ - دیارە ئەگەر صەلاحەدین نەبوایێ تەنانەت ناوە عەرەبیەکانی وەك مَلِك حَسَن، انورسادات، صدام حسین، تقی و حسنی مبارك و نقی و احمدو محمودو... دەبونە: مارشەمعون، سرکیس و ... ئیتر دینەکەش چی بە سەرهاتووە خوا دەزانی

٣ - حەمەرەزا پەهلەوی دەرکراو.

Dr.Saleh Ebrahimi


حوکومەتێك ساز دراوەکە لە باری دادگەری و برایەتی و یەکیەتی و بەرابەری لە خۆرهەڵاتی ناوەراست دا نمونەو بێ وینەیە، چونکا مافی هەر تیرەو هۆزو نەتەوەو دینو مەزهەب ومافی هەر چین وتوێژێك دیاری کراوەو دەوڵەت بە شێوەی دێموکراسی و بە باشترین شێوە لەم ناوچەدا بە رێوە دەبرێ، چونکا نەتەوەی کورد عەمەڵ بە ئایەتی [انالله یأمر بالعدل و الاحسان...]ی دەکاو بە پێی ئەم ئایەتەش [انّالله لایغیّروا مابقوم حتّی یغیّروا مابانفسهم] خۆی گۆریوەو بەرەو پێش دەروا، بە یارمەتی خوا و ئینسانە مرۆڤ دوستەکانی دنیاو خۆشیان بە بیرو ژیری لێنەویونو لێ براون، یەك بن و برابن و پشت بدەن بە پشتی یەکەوە تا زوتر و ئاسانتر بە ئاوات و ئارەزوی مرۆڤانی و مافی رەوای ئینسانیو قورئانی و ئیسلامی و مافیمرۆڤانی بگەینو تێگەیشتوین و پێگەیشتویشین. (شەپۆل).




دوگوڵی گەنم و قەڵەم پیو دەڵی عیلموبێ
خۆتکە برسی،بۆچی دوژمن پێی بژین لێرەو لەوێ
داری ئاڵاکەم وەکو چە قڵیکە بۆ چاوی عەدو
هەر دڵێ، خۆشی نەوێ، رەبّی وە بەر خەنجەرکەوێ
لاوەکان ناموسی، سی ملیونە ئەو ئاڵایەتان
گیان بدەن بۆ ئەو ناموسەتان لە منو کەوێ

Dr.Saleh Ebrahimi



# ئازادی خوازی:

زوڵم و زۆری تورکی عوسمانی وای له‌ کورد کردبو له‌ ساڵه‌ کـانی ۱۹۱۲ سه‌رۆک هۆزه‌ کورده‌کان نه‌ک ته‌نیا رقیان له‌ سواره‌ی حه‌میدی و تورکی عوسمانی هه‌ستابو، به‌لکو به‌ ئاشکرا و بێ‌ترس ده‌یان وت: ئێمه‌له‌ شه‌ری باڵکاندا و له‌ شه‌ری روس و تورکدا یارمه‌تی روس ئه‌ده‌ین و به‌ راشکاوی داوای ئازادی کوردستانیان ده‌کرد و رۆژبو رۆژ رێکخراوه‌ی کۆر و کۆمه‌ڵه‌ی رامیاری به‌ نهێنی و به‌ ئاشکرا پێک ده‌هات و ئاگاداری نامه‌یان به‌ دژی تورک بلاوده‌ کردەوه‌ بۆوێنه‌ (ئه‌ف خوّڵه‌ خوّڵی ئه‌مه‌یه‌....) یاده‌یان وت: تورک به‌ هیچ جۆرێک به‌ رێوه‌ بردنی کوردستانیان له‌ باردا نیه‌، هه‌ر وه‌ک م. س. لازه‌ریف باسی ده‌کا ئه‌م ئیعلاناتانه‌ له‌ نێوخه‌ڵکدا بلاو ده‌کرایه‌وه‌ له‌ چوار گۆشه‌ی کوردستان ده‌نگی دابوه‌وه‌، زۆربه‌ی ئه‌و به‌یان‌نامانه‌ له‌ کوردستانی باکور و له‌ کوردستانی سه‌ربه‌ئێران بلاو ده‌کرایه‌ وه‌و زۆر جاریش ده‌ نیردرایه‌ ته‌کیه‌ و خانه‌قاکانی ناوچه‌ی بارزان و له‌ وێوه‌ بلاو ده‌کرانه‌وه‌[1].

هه‌ندێکیش ده‌سیان کرد به‌ دانانی کۆمه‌ڵه‌ی رامیاری و ئورگانیشیان بۆده‌ر برینی بیروڕای خۆیان له‌ چاپ ئه‌دا بۆوێنه‌ (کۆمه‌ڵه‌ی هیفی: فه‌قێ و خوێندکارانی کورد (رۆژاکورد)یان له‌ پاڵدا بلاو ده‌کرده‌وه‌و زۆریش کارابو، له‌ دوای ماوه‌یه‌ک ناوی رۆژاکورد، گۆڕدرا به‌ (هه‌تاوی کورد) ئه‌وسا به‌ (ژین). (هیفی کورد) ناونرا، ئه‌و

۱ - بروانه‌ صدیق الدملوجی امارة بادینان لاپه‌ره‌ی ۹۵ به‌ نه‌قلێ له‌ کوردستان نوسراوی دوکتور مـه‌زهه‌ر ئه‌حمه‌د له‌ساڵه‌کانی شه‌ری یه‌که‌می جیهانی چاپی ۱۹۷۵ به‌غدا لاپه‌ره‌ی ۳۴

Dr.Saleh Ebrahimi



ڕۆژنامە تاجەنگی یەکەمی جیهانی بە ژیانی خۆی درێژەی، دا. بەلاّم لەکاتی شەردا تورکی عوسمانی بە بیانوی شەر ئەندامانی (هیفی کورد)ی ڕە پێچەکدا هەر لەو ساڵانەدا کۆمەڵەی بەرزی و پێشکەوتنی کورد بە هۆی شیخ عەبدولقادر گەیلانیزادە ناودار بە غەوثی ثانی و ئەمین بەدرخان و شەریف پاشا، دامەرزا، بەلام تورکە لاوە ڕەگەز پەرستەکان کارێکی وایان کرد بەر لە شەڕ ئەوکۆمەڵە هەروابە نهێنی کاربکا.[۱]

هەروا کۆمەڵەی ئیستخلاصِ کوردستان سازدراو روشمی یەک گرتنی کوردو سەربەخۆیی کوردستانی بەرز کردبوەوە و هەر لە ساڵی ۱۹۱۲ کۆمەڵی (جیهاندانی)[۲] لە کوردستانی ئێران، دامەزرا ئەم کۆمەڵە دەیویست خەباتی نەتەوەی کورد بەڕێبازێکی ڕاستا بەرێو لە چوار چیوەیەکی یەک گرتو، کۆ بکاتەوە.[۳]

کۆمەڵەو روناکبیرانی کورد زۆریان گرینگی بە خوێندن ئەدا بەتایبەتی لەنێومنداڵ و مێرمنداڵ و گەنجان و لاواندا، لەگەڵ پەرەدان بە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بۆوێنە (خەلیل خەیاڵی و عبدالرزاق بەدرخان) خەلیل خەیاڵی بوە هۆی دانانی (کۆمەڵەی بلاّوکردونەوەی خویندەواری کورد) کە بەرلە شەڕ فێرگەیەکی تایبەتی لە ئەستەمبوڵ بۆمنداڵانی کورد داناکە بە زمانی کوردی دەیان خوێند و بە جلکی کوردی دەهاتنە سەردەرس.

ئەمیر عبدالرزاق بە درخانیش لە نیوکوردی ئیراندا و لە سەرەتای ساڵی ۱۹۱۳ لە شاری (خۆ) کۆمەڵێکی روناک بیری، دامەزراندو لە روژی ۴ی تەشرینی ۲-ی ساڵی ۱۹۱۳ فێرگەیەکی بو خویندنی زمانی کوردی سازداو لە شاری (خۆ) ئاهەنگێکی گەورە و جوانی سازدا ژمارەی یەکەم دەستەی شاگردانی ئەو فێرگە ۲۹ کەس بون، کە بەزمانی کوردی دەیان خوێند بە ئەلف و بێی روسی دەیان نوسی،

---

۱ - بروانە دوکتور بلەچ شێرکۆ، قەزیەی کورد، رابوردو ئێستاکەیان، چاپی قاهیرە - ۱۹۳۰ پەرەی ۵۰.

۲ - مەبەست ناسین و زانین و مەعیرفەت و شارەزا بونە لەجیهان.

3 - N.O.Qapn3oB, Mecto HallnoHalbHo - OOBOOIIN - Tellbhoro Iibnkehnr Kypllob b Oopsoe Hapo - Llob Ellnkhero n Cpellhero Cpellhero Boctoka Lipotnb NmIIepnann3ma, KahII. IIhcc. (Peqepat), Moc Kba, 1953, otp.19.

ئی. و. فاریزۆف، شوێنی بزوتنەوەی ئازادی - نەتەوەیی کورد لە خەباتی گەلانی ڕۆژهەلاّتی نزیک و ناوەڕاستدا دژی ئیمپریالیزم، (کورتەی نامەی دوکتۆرێکەی)، مۆسکۆ ۱۹۵۳، ل ۱۹. نەقڵ لە کتێبی کوردستان لە ساڵە... لاپەرەی ۳۶ دوکتورمەزهەز ئەحمەد.

Dr.Saleh Ebrahimi

زمان و ئەدەبی روسیشیان دەخوێند، لە نێو فێرگەکەدا نە خوشخانەیەکی بچوکیش هەبو[1].

روناک بیرانی کورد بۆوێنە (خەلیل خەیالی و عبدالرزاق بەدرخـانە) کـە وتبونە ئەو بیرەکە رێبازێکی تـایبەت دابـنێن تـائاسانتر بـتوانـن لە زاراوەکـانی کرمانجی ژورو (بادینان و...) و کرمانجی خوارو (سۆرانی و...) بۆنێزیک بونەوە لە یەکتر و بەدی هێنانی شێوەیەکـی یـەک گـرتوبۆ خـوێندن و نـوسینی زمـان وفەرهەنگی کوردی، بە باشترین و ئاسانترین شێوەکەڵک و سود وەربگرن. بۆوێنە ئەمیر (عبدالّرزاق): بە درخان لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٣ لە رێگای کونسولی روس لە شاری (خۆ) لە کوردستانی سەر بەئیران داوای لە روسیا کرد تایوسف ئەبگارو فیج ئوربیلی[2] کوردناسی ناودار بنێرێتە کوردستان، تالە دانانی رێزمان و فەرهەنگ بە زمانی کوردی یارمەتیان بدا، هەروا داوایشی کرد تا بە شێکی کوردی لە نێودام و دەزگای رۆژ هەڵاتناسی پیتروگراد دامە زرێنن بە رلەشەریش لە رۆژی ١٢ی مانگی (ربیع الاول) مـەولودی سـاڵی ١٣٣٢ی مـانگی و رێکـەوتی ٨ی شوباتی ١٩١٤ی زاینی کۆواری کوردی - تورکی بانگی کورد بە هۆی جەماڵەدین بابان لە بەغدا بلاوکراوەتەوە و ٣ی ژمـارەیلمیَ چـاپ کـراوە کـە بـە تـیکرا ٧٢ پەرەنیانی هەر ژمارەی ٢٤ لاپەرە بووە.[3]

لە یەکەمی ئابی ساڵی ١٩١٤ لە جەنگی یەکەمی جیهانی تورکی عوسمانی دوای رۆژێک شەڕ بە دزیەوە لە ئەستەمبوڵ پەیمانی هاوکاری شەری لەگەڵ ئەلمان بەست و خەریک بو بە تەواوی بچێتە پاڵ ئەلمان لەشـە ردا، لەو کـاتە نـاسکەدا (فیرمەنی) سەرۆکی بەشی سیاسی وەزارەتی دەرەوە: (هەندەران)ی ئەلمانی نازی

---

١ - بروانە.م. س. لازەریف سەرچاوەی بەرو بەنەقڵ لە کوردستان لە... نوسراوی دوکتور مەزهەر ئەحمەد لاپەرەی ٣٨ سە رچاوەی بەرو.

٢ - ئوربیلی (١٨٨٧ - ١٩٦١) خەڵکی سوفێتە و یەکێکە لەوزانا پایە بلێندانەی کە دلسوزی کوردبون و زۆر دڵسوزانە بایەخیان بە کوردیناسی داوە و لە سەر پێشنیاری ئوربیلی بەشی کوردی لە ئامۆزشگای رۆژهەلاتناسی لقی لینینگراد، دامەزرێندرا . نەقڵ لە کتێبی کوردستان لە... نوسراوی دوکتور مەزهەر ئەحمەد سەرچاوەی بەرو.

٣ - لە ساڵی ١٩١٣ مەلیك مەحمود بەرزەنجی دلسوزانە تێکوشاوە تالە گەڵ کامل بەگ‌و حوسین بەگی کورانی بەدرخان پاشا بۆ ئازاد کردنی کوردستان لەبن چنگی تورکی عوسمانی دەوڵەتێکی فیدرال دامە زرێنن و مەلیك مەحمود لەو بارەوە تەنانەت‌نامەی بو روسیا نوسیو ە.

Dr.Saleh Ebrahimi


لە راپۆرتێکی نهێنی زۆر گرینگی خویداکە لە رۆژی دوەمی کانونی یکەمی ساڵی ١٩٤١ی زاینیدا نوسیویەتی دەڵێ: ئەگەر لە ترسی راپەرینی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد نەبوایێ حوکومەتی تورکیا بە تەواوی و بە ئاشکرا دەیدایە پاڵ ئەلمان[١] کەچی کوردی دڵسوز: بەقورئان و ئیسلام، خۆی بۆ ئازادی خوی راپەری بەلام بە سودی تورکی عوسمانی خۆی کردە قوربانی، کە سانێکی وەک مەلیک مەحمود بەرزنجی بە وهەموە سوارە کوردە چاپوک سورانەوە لە هۆزی جاف و هەمەوەندەوە بیگرە تا... کە لە خزمەت ئەودا هاتبونە شاری سەقز کە یارمەتی تورکی عوسمانی بداکە چوارساڵ شەری بەعەمد خستە کوردستان و موکریان و کرماشان و سنە و بانەو سەقز وبۆکان و میاندواو، ورمێ و شنۆ، گشت کوردستانەوە کەچی رۆژنە بو هەزار تمەن پوڵی سپی وزێوو زێرولیرە بەناوی کۆمەگ بە جەنگی تورکی عوسمانی دژی روس و کوفر بە زۆر یا بە خوایشت لەخەڵک نە ستێنن یا بەهانە بەگەورە پیاوانی کورد نەگرن و نەیان کوژن، بۆ نمونە پانزدە کەس لە سەرانی هۆزی جاف وهەمەوەند کە لە خزمەت مەلیک مەحمود هاتبونە یارمەتی عوسمانی بەدەسی عەباس بەگی عوسمانی بە ئیعدام مەحکوم کران و لە حوزوری مەلیک مەحمود درانە بەر توپ و شەهید کران، کە بە تەقاندنی تۆپی یەکەم دە کەسیان شەهید کران و لە پاشان عبدالرحمان سالار کوری میرزا فەتاح قازی تکای لە عەباس بەگ کرد تائەوانی تر نەکوژێ، کە یەکێ لەوانەی لە بەر تۆپی عەباس بەگدا بو، بۆکوژران ئاغا ساڵەی رەنگە رێژان بو، کە بەتکای سالار بونە شەهیدی زیندە.

مەلیک مەحمود هەرپیشی دە خوارەوە، لەو سەردەمەدا، نەیویست کارێ بکا. تازە حەزرەتی (شیخ حیسامەدین و شیخ نەجمەدین) لە بیارەوە بۆجیهاد لەگەڵ روس وکوفردا لە بیارەوە گەیشتبونە بانە، بەو هەموە مریدو مەنسوبانەوە دوساڵی رەبەق بەم هویەوە شەرو ماڵ ویرانی کەوتە بانەو سەقزو بۆکانو مەهابادەوە[٢]

---

١- تیزی دوکتورای سەید عەزیز شەمزینی گەیلانیزادە لاپەرەی ٢٦٧ تا ٢٨٦بە نەقڵ لەکتێبی میژو، نوسراوی دوکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد پەرەی ٢١٨ چاپی بەغدا سالی ١٩٨٣ از.

٢- بروانە، وەحشەتی سەقز لاپەرەی ١٩ تا ٤٤ چاپی ١٣٣٢ی هەتاوی تاران نوسراوی تەیمورزادە.

Dr.Saleh Ebrahimi


هەر وەک مێژو دەلی: زۆر بەی لەشکری شەرکەرەکان کورد بون بێجگە لە سوارەی حەمیدیەی کورد، لەشکری نۆیەمی ناوچە ئەرزە روم، لەشکرَدەیەمی ناوچەی سیواس، لەشکری یازدەی ناوچەی ئەلعەزیز ولەشکری دوانزەی ناوچەی موسڵ کورد بون، دەڵێن: لە هەژدە (۱۸) هەزار سوارەی کوردی لەشکری سێیەم (۲۸۰۰) کەسیان ما و باقی کورە کورەی کورد بووە قوربانی فێڵ و تەڵەکە بازی تورکی عوسمانی[1] بەداخەوە کوردەکان لەباتی ئەوەی بێن بەکۆمەگی کوردی ئێرانەوە، کە بەر لەوەی لە ئابی ۱-ی ۱۹۱۴ جەنگی ۱-ی جیهانی دەس پێ بکرێ وبەر لە هێرشی تورکی عوسمانی و ئەلمان لە ۲۹ی تەشیرنی یەکەمی ساڵی ۱۹۱۴ بوسەر روخانەکانی بەری روسیای دەریای رەش لەسەرەتای شەری یەکەمی جیهانیدا لەرۆژ هەلاتی نێزیکدا، لەکوردستانی سەر بە ئێران چەن جارێک شەر گەیشتە رادەی تەقینەوە، بۆیی لازەریف دەلێ: یەکەم تەقەی شەر لە مەیدانی رۆژ هەلاتی نێزیکدا لە کوردستانی ئێران بەرز بۆوە، چونکا بە ریتانیا و روسیا کە بە نیوبۆدا مرکاندنەوەی راپەرینی مەشروتە لە ئێراندا لە ساڵەکانی ۱۹۰۵ تا ۱۹۱۱ خویان خزاند بووە ئێران و هەندێ لە ناوچەکانی باکور و باشوری ئێرانیان داگیر کردبو و هێزەکانی خۆیان تا دەس پێ کردنی شەری یەکەم جیهانی لەو ناوچانەدار اگرتبو تەنانەت لەشکری روس تاشاری خۆ، هاتبو، عبدالرزاق بە درخان فێرگەی خۆیندنی بەکوردی لەخۆ دامەزراند بو و رۆژنامەی بەکوردی بلاودە کردەوو سمکۆی مەزنیش خۆی ئامادە کردبو تاساز و بەرگی راپەرین بۆئازادی کوردستان ئامادە بکا و لە دواییدا کە تا هەشت هەزار کەسی لە سوارانی چاکی هەرکی، شکاک، زەرزا و سەیدو شیخ و مەلای لە دەور ئالا و ئەویش هەرلە سەرەتای ساڵی ۱۹۱۱ی زاینیدا بە دژی رێژیمی قاجار لەئێران راپەریو و تەنانەت لە شاری ورمێ بۆ پەرەدان بە زمان و فەرهەنگی کوردی، بلاوکردنەوەی کۆواری کوردی بەناوی کوردستان کە بەوێنەی مانگانە لەلایەن عبدالرزاق بەدرخانەوە لە شاریخۆ ببلاو

---

۱- بروانە خولاسەی تاریخی کورد و کوردستان چاپی قاهیرە لاپەرەی ۲۷۴ نوسراوی ئەمین زەکی کە خۆی لە زانا و ئەفسەرە شارەزاکانی لەشکری عوسمانی بووە - کوردستان نوسراوی دوکتور کەماڵ مەزهەر ئەحمەد سەرچاوەی بەر و لاپەرەی ۵۴.

Dr.Saleh Ebrahimi

دەکراوە لە ساڵی ۱۹۱۲ خوّی لە ورمیّ بە ئەستوّی گرت، دوای ئەوەی کە عبدالرزاق بەدرخان لە لایەن روسەوە دورخرایەوە و کوّواری کوردستان تاساڵی ۱۹۱۴ بە زمانی کوردی و تورکی بلاو دەکرایەوە. سمکوّی مەزن خوّیشی لەساڵی ۱۳۴۰ی مانگی و ۱۹۲۱ی زاینی لە شاری و رمیّ بە هویّ موفتی ئەعزەم: عەللامەی زانا و ناودار شیّخ محەمەد قزلجی: (تورجانیزادە) روّژنامەیە کی بە ناوی روژنامەی کورد، کەئورگانی راپەرین بو بلاّودە کردەوە[1] روسیا لە ۱۹۱۴ تا ۱۹۱۵ لە شەری ساری قامیش کە تورکی عوسمانی تیّشکاند ئیتر تووانیان ۹۰هەزار کەس لەهیّزی تورکی وەسمانی بکوژن و بگرن و بروّنە (وان، ئەرزە روم. موش بدلیس) - تیّشکانی تورک لە ساری قامیش ریّگای ئینگلیسی بوّ کوردستانی باشوری ئاسان کرد، بەریتانیا، روسیا، ئەلمان و تورکیا لە میّژ بوچاویان بڕ یبوە خاکی ئیّران، لە شەری یەکەمی جیهانیدا لە ۲-ی تەشیرینی دوەمی ساڵی ۱۹۱۴ دەوڵەتی ئیّران بیّ لایەنی بەرەسمی راگە یاندو ئیتر، ئەو دەوڵەتانە لە هەر لایەکەوە بەشیّ لە خاکی ئیرانیان داگیر کردبو، ئازر بایجان و کوردستان پچر پچر بو، هەردە و ڵەتەی بەشیّکی دەویستو تەنانەت لە مارتی ۱۹۱۵ روسیا و بەریتانیا بوّ دا بەش کردنی ئیّران پەیمانیّکی نهینان لە نیّوان خوّیاندا موّر کرد.

جا روس لە مەهاباد و ورمیّ وشنو، تیّ پەر بو و لەساڵیّ ۱۹۱۶دا کرماشانی گرت لە ۱۹۱۷دا ئیّران بە تەواوی کەوتە دەس روس وئینگلیس، روس هەروەک حوسین حوزنی موکریانی دەنوسیّ لەشاری رواندز تەنها چەند خانو بەرەیەک نەبیّ کە ئەویش روسی تیّدا بو باقی خانوەکانیان روخان و تورکی وەسمانیش لەورمیّ هەر ئەوکارەی کرد و خەڵکیّ زوّری کوشتو جاکەوتەگیان و مالی برافەلەکان و لە موکریان و لە مەهابادیش خەڵکیان بە کوشت ئەدا و خوّیشیان هەرکەس

---

۱- بروانە گرشەی کوردستان لاپەرەی ۱۱ ژمارەی نو (۹) رەشە مە (نوسان) ۱۳۰۷ی هەتاوی و ۱۹۹۸۱ی زاینی سالی دوەم کە ژمارەی ۱-ی گرشەی کوردستان لە ۱۹۸۱/۳/۱ی زاینی تا ۹ ژوماژەی لە تاران لە چاپدراوە و بلاّو کراوەتەوە- دەوڵەتی کوردی بە ریاسەتی سمکوّی مەزن روّژنامەی کورد -ی لە ۱۳۴۰ دا لە ورمیّ بلاّوکراوەتەوە، کوردستان دوکتور کەمال مەزهەر پەرەی ۵۳ و ۵۸.

Dr.Saleh Ebrahimi

سەری ببزواندایێ، دولەتیان ئەکرد بۆوینە حەمەخانی بانە، حەمەحسین خان سەردار، موزە فەرەدین خان و گوڵ بابایان لەت و پەت کرد[١].

روسیا دوای روخانی ڕێژیمی چاروسەرکەوتنی راپەرینی ئوکتوبر لەشوباتی ١٩١٧ لەشەر نەکشایەوە، هەروەک جاران لەهەمو مەیدانە کاندا، بە کوردستانەوە لە جەنگدا بون، بەلام کار بە دەستانی نوێی روسیا لە سەر چارەسەر کردنی کوردستان رویشتن و هەوڵیان دەدا سەرداره کوردەکان بەرە ولای خویان رابکێشن، ئینگلیس بەرلە سەرکەوتنی راپە رینی ئوکتوبر حەزی نەدەکرد لە ولاتە ژێردەستەکانیدا ببێتە درا و سێی روسیا کە بەپێی پەیمانی (سایکس - پیکو) بە شێکی گەورەی کوردستانی بۆ دانرابو، جالە بەرئەوە بەریتانیا رازی بو هەر بەپێی ئەو پەیمانە کوردستانی با شور بدرێ بەفەرانسە، نەک خوێ، کەچی مەلیک مەحمود هەروەک رەفیق حیلمی دە نوسێ بە هەزار سوارە وە چووە کۆمەکی تورکی وەسمانی و لە نێز یکشاری ناصریە لەشوعە یبە بە گژ هێزی ئینگلیسدا چو.[٢] ئنیگلیس تامۆرکردنی هودنەی (مو درۆس» کە لە ٣٠ی تەشیرینی یەکەمی ١٩١٨ لە نیوان سویند خورەکان و تورکیا مورکرا، هیزی ئینگلیس بە شیکی زوری لە کوردستانی باشوریدا داگیر کردبو، جاهەروەک رەفیق حیلمی نوسیویەتی ودەلی: «زەمان ئەگەر بەدلی کاپیتان نوئیل - ی ئە فسەری بە ریتانیا بچوایێ بە رێوە شکم لەوە دانیە کە بناغەی (کوردستانی گەورە)ی دائە مەزراند، ئەمە جوان رونی دەکاتەوە کە دوژمنی کورد داگیر کەرانی راستە و خوێ کوردستانن، نەک دووەلی دورە دەست.[٣]

---

١ - عەلی سێدو گۆرانی لە عەمانەوە تا عیمادیە لاپەرەی ٢٠٥ تا ٢٠٩ لە ... کەمال مەزهەر ئەحمەد سەر چاوەی بە رو.

٢ - رەفیق حلیمی یاد.داشتی بەشی - ١ - بەغدا - ١٩٦٥ پەرەی ٥۴ تا ٥٠ - کوردستان لە... دوکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد سەرچاوەی بەرو.

٣ - رەفیق حیملی سەرچاوەی ناوبراو لاپەرەی ٦٩ - کوردستان لە سالەکانی، سەر چاوەی ناو براو - کاپتان (دوابی میجەر) نوئیل ئەفسەریکی زور شارەزا و هیمن بووە و زمانی فارسی و کوردی زانیوە و خیل وهوز ناس بووە و لەنیو بەختیاریدا کاری کردوە و لەدوای ئەویش لەگەل سەردارانی هوزە کوردکان زور دوستانە لیان نیزیک بووە و زمانی کوردی جوان فیربو و زوریش لایەنگری دامەزراندنی دەولەتیک بو، بو کوردستان و لە راپورتە نهینیەکانی خویدا زوربە گەرمی بەریتانیای بودانانی دەولەت بوکوردستان هانداوە. بەداغەوە ئەوپیاوە لە کوردستاندا زور

Dr.Saleh Ebrahimi

له ساڵی کانی ۱۹۱۵ داکورده‌کانی بۆتان به دژی تورکی عوسمانی ده‌سیان دایه چه‌ک و هه‌رله‌و سه‌رده‌مه داخه‌ڵکی ده‌رسیم راپه‌رین و زیاتر له ساڵێک حوکومه‌تی ئه‌و ناوه‌یان گرته ده‌س و ته‌سی تورکیای داوه، عه‌لی شێری شاعیری ناوداری ئه‌و ناوچه‌یه، نه‌خشی زۆر گرینگی له راپه‌رینی کوردی ئه‌و ناوه گیرا و خه‌لکی ده‌رسیم و کوردی ئه‌و ناوه‌ی بۆ یه‌کیه‌تی و ئازادی نیشتمان له‌بن چرنوکی تورکی عوسمانی هان ده‌دا، له‌دوای ساڵه‌کانی شه‌ڕ وله‌کاتی تێک رمانی له شکری عوسمانیدا،کوردستانی باشوریش هه‌ستا، خه‌ڵکی (ئامێد و سوڵه‌یمانی) و ئه‌وهه ڕێمه به دژی عوسمانی راپه‌رین، مه‌لیک مه‌حمود به‌رزنجی هه‌ر له‌کاتی کوشتنی شێخ سه‌عید - ی باوکی له ساڵی ۱۹۰۸ که له‌گه‌ڵ کاک ئه‌حمه‌د شێخ - ی کوری له لایه‌ن تورکه جه‌وانه کانه‌وه، بۆموسڵ ته‌بعید کرابون و تورک دنه‌ی خه‌ڵکی لێدان و شه‌هیدکران، دڵ بریندار بوو له هه‌ڵده گه‌ڕا که‌راپه‌ڕێ، جائه‌وه‌بو حوکومه‌تی دامه‌زراند. له ساڵی ۱۹۱۷ خه‌ڵکی ده‌رسیم و بۆتان و خه‌رپوت و خه‌لکی ماردین و ئامێد: (دیار به‌کر) هه‌ستانه‌وه.[1]

وه‌ڕه با هه‌مومان ناڵه‌مان یه‌کخه‌ین
به‌ڵکو به‌و عیشقه نیشتمان سه‌رخه‌ین

لاپه‌ره‌ی کتێب وه‌ک شاپه‌ره‌که‌ ڕۆحی ئێمه
بۆلای نورو روناکی ده‌خاته هه‌ڵفڕین: وێلتێر.

هه‌رکاتێ ده‌چمه په‌رلانه خه‌فه‌تمه؛ که ته‌مه‌ن، چه‌ن کورته، بۆ که‌ڵک وه‌رگرتن له‌و سفره ره‌نگینه (شه‌پۆل).

---

نه‌ماوه‌ته‌وه - کوردستان له ساله کانی، سه‌رچاوه‌ی به‌رو.

۱ - ئه‌گه‌ر بروانینه سه‌فه‌رنامه‌ی ناصر خوسره‌و، جوان بومان ده‌رده که‌وی که شاری ئامید له ساڵی ۴۳۷ی مانگی و ریکه‌وتی ۱۰۵۸ی زاینی چ قه‌لایه‌کی گه‌وره‌و پته‌وی له به‌ردی ره‌ش و مزگه‌وتی دوسه‌ت ئه‌ستونی له به‌ردی جوان و رازاوه و به تاق ساز دراوی هه‌بووه و دارای که ره‌سته‌ی بیهداشت و نویژ و ئاوی خواردنه‌وه‌ی سه‌ردا پوشراو هه‌بوه و حاکمی ئامید کوری نه‌صر ده‌وله بووه و قه‌لای ئامید چوار ده‌روازه‌ی ئاسنی بووه و میافارقینیش قه‌لای له به‌ردی سپی هه‌بوو سه‌رداری قه‌لای ئامید، زه‌برو میافارقین به ده‌س ئه‌میر ئه‌عزه‌م سه‌عده‌دین نه‌صرده وله ئه‌بونه‌صر ئه‌حمه‌دو کورانی ئه‌و پاشا دادگه‌ره بووه و خوتبه‌ی روژی هه‌ینی به نیویان خویندراوه و ئه‌مانه خوی نیشانه‌ی ته‌مه‌دون و ژیاری نه ته‌وه‌ی کورده به دریژایی میژو (شه پوڵ).

Dr.Saleh Ebrahimi



# (گواهینامه)

## بسم الله الرحمن الرحیم

الحمدالله الملک الحمید ذی العرش المجید والملک السدید والصلاة والسلام علی خیر خلقه محمد السعید وشافع یوم الوعید و علی آله و اصحابه ذوی العز و التمجید و بعد چون محبوب دلبند و قرة العین ارجمند آقای ملا محمد صالح ابراهیمی محمدی (شه پۆل) مدتی ده سال بیشتر عمر گرانبهای خود را صرف تحصیل علوم و کمالات نموده وپیوسته برای انعطاف انوار رحمت و اقتطاف اثمار علم و حکمت ملازمت صحبت آساتذه کرام نموده و از هریک استفاده‌های کلی نموده و بجد وجهد تمام بکشف معضلات علوم و مشکلات رسوم پرداخته و در این اواخر ملازمت صحبت فقیر را برخود لازم ساخته استعداد او را اساسی و قابل اعتبار و میاه انهار و افکار او را روشن وسرشار مشاهده نموده و بالاخره بحمده تعالی جامع ادوار علوم معقول و منقول و شایسته تدریس و تعلیم طالبان افهام و افتاء سائلان احکام گشته این است با توفیق حضرت واجب علیم جل جلاله و باستمداد ارواح طیبه و انفاس قدسیه آساتذه سلف رحمهم الله مشارالیه را در تدریس علوم عقلیه و نقلیه و افتاء با قوال راجحهٔ مذهب، اجازه داده که انشاءاله تعالی رعایت این سعادت را با شرایط مواظبت و لوازمات آن معمول و بیش از بیش در ازدیاد علوم و معرفت و هدایت طالبین بشاهراه شریعت مبذول دارند. نسئل الله تعالی لنا وله ولسایر المسلمین ثبات الایمان و صلی الله علی سیدنا محمد و آله و صحبه اهل الاحسان. وقعت الاجازه الشریفه ثامنة ربیع الاول سنة ثلاثة و سبعین و ثلاثة مائة بعد الالف من الهجرة النبویة علی هاجرها آلاف سلام و صلاة و تحیة و لاحول و لاقوة الابالله العلیّ العظیم الحقیر المجیز حسین مجدی مدرس مهاباد.

الحقیر المجیز حسین مجدی مهاباد

Dr.Saleh Ebrahimi

112

جمهوری اسلامی
وزارت ارشاد ملی

شماره ...
تاریخ ...
پیوست ...

شماره جدید
وزارت ارشاد اسلامی
۱۳۶۰/۲/۷ —۲۱/۲۶۳۰

به : آقای محمد صالح ابراهیمی محمدی
از : اداره کل مطبوعات داخلی
موضوع : ارسال پروانه انتشار ولایحه مطبوعات

پروانه انتشار مجله گرشه کردستان که در جلسه مورخ ۱۳۵۸/۱۰/۸ کمیسیون موقت مطبوعات با روش سیاسی ، اجتماعی ، علمی ، ادبی ، هنری بزبان کردی بترتیب هفتگی برای شهرستان تهران بمدیر مسئولی جنابعالی بتصویب رسیده ، استجانضمام یک نسخه لایحه قانونی مطبوعات مصوب ۱۳۵۸/۵/۲۰ بپیوست ارسال میگردد .

سرپرست اداره کل مطبوعات داخلی
سید حسن شهرستانی

# ریبازی گرشه‌ی کوردستان

ئه‌م گۆفاره

گۆفاریکی مانگانه‌ی سیاسی ، کۆمه‌لا یه‌تی،عیلمی، ئه‌ده‌بی‌و هونه‌ری‌یه، وبه‌زمانی شیرینی کوردی‌بلاوئه‌بێته‌وه وه‌پێوه‌ندی به‌هیچ حیزب‌و کۆڕو تاقمێکه‌وه نییه.

سه‌ر به‌خۆیه وله‌ژێر چاوه دێری کۆڕی نوسه‌رانی تایبه‌تی ده‌م‌و ده‌سگای گۆفاره‌که ، له‌تاران‌ده‌رئه‌چێ. تابۆمان بکرێ‌بۆ بوژانه‌وه وگه‌شه پێدان وپه‌ره پێدان‌به فه‌رهه‌نگ وزمانی نه‌ته‌وه که‌مان وراماڵین وراو نانی‌ره‌خنه کردنی‌وپاشماوه‌ی ره‌ژیمی سه‌ربه ئیمپریالزم‌تێ ئه‌کۆشین

موحسینی قزلجی له‌سه‌رجه‌می به‌ر هه‌مه‌کانی حه‌سه‌ن قزلجی که له سلێمانی له چاپی داوه، گۆفاری گرشه‌ی کوردستانی به‌هی ئه‌وزانایه داناوه و سه‌رده‌م ژماره‌ی ۴۱ و په‌ره‌ی ۱۸۰ سالی ۲۰۰۶ ز به پێی نامه‌ی وه‌زاره‌تی ئیرشاد ملی کۆماری ئیسلامی ئێران ۲۶/۳۰/ ۱۳۶۰/۷/۲۱ هه‌تاوی ودانی په‌روانه‌ی له‌چابدانی گرشه‌ی کوردستان به‌زمانی کوردی، نوسراوه‌که‌ی کاک‌موحسینی قزلجی ره‌دکردوته‌وه و گرشه‌ی کوردستانی به هی دوکتور محه‌مه‌د صالح ئیبراهیمی (شه‌پۆل) داناوه. ئازاد به‌رزنجی سه‌ر پرشتیاری گشتی زنجیره‌ی کتێب له ده‌زگای چاپ و په‌خشی سه‌رده‌م

وه‌ره با هه‌مومان ناڵه‌مان یه‌کخه‌ین
به‌لکو به‌و عیشقه نیشتمان سه‌رخه‌ین

Dr.Saleh Ebrahimi



# کێلەشین، ئەشنە یا شنۆ

لە (هاڵدی)یەکان بەردە هەڵکەنراوەی کێلەشین کە بە خەتی مێخی (بزماری)یە لە باکوری شنۆ لە کێوێک هەر بەو ناوە، ماوە. بێژەی کێل، لە کێلی قەبر گیراوە، کێل: بڵیند، بەرز، بەردی سەرین و خوارووی قەبر، جوانچاکی، بالابەرز، نیشانەی کەوشەن، سەرداری عێل، پێوانەی دانەوێڵەو... شینیش بە واتای کەوگ، بە رەنگی ئاسمان، سەوزی تۆخ، شەپۆر، بەربینگ گرتن، فیعلی رابوردوی چوون، ئەوان چوون: رۆیشتن، هاتووە. بڵیندی کێلەشین لە قەدی پیاوی مام ناوەندی بەرزترە، ئەم بەردە، کە بە رەنگی کەوگە لە بەردێکی رەشی چەن لاو رەنگ کراو گیراوە، کاتێ پتەی لێدەی دەزرینگێ و دەنگی جورێ مس و ئاسنەواڵە ئەدا. لە ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی برایە مۆزەخانەی شاری ورمێ، هەرچەند لە نێوان ئێران و عێراق لەسەر ئەوە دەمەقاڵەیەک روی دا، چونکە ئەیانوت کێلەشین نیشانەی کەوشەن و سنورە.

لە سەتەی نۆ(٩)ی بەر لە زاین دەوڵەتێک بەناویی (هاڵدیا) هەبووە کە ئاشۆریان بە (ئورارتو یا ئوراشتو) ناویان بردووەو لە عیبریشدا بە (ئارارات) ناوبراوەو یونانیانیش بە (الارودی، خالدوی و خالدایونی) یادیان کردووە، جا کەوابێ ئارارات - گۆڕدراوی خالدی‌یە «خلدیە: ئورارتویا»، «وان» عیبری ئارارات: مەملەکەتی قەدیم لە نزیک زەریای وان لە باکووری ئاشوور، لە حودودی ١٢٧٠ تا ٧٥٠ بەر لە زاین بەردەوام بووە. یەکەم کەتیبەیەک کە لەوە بەدەس هاتووە لە زەمانی شەلمنسرا - شای ئاشورە کە بە هێرشی سکاو ماد - ەکان تیا چون. دوکتور یاسەمی لە تەوجیهی قسەکەی خۆیدا بۆ ناوێ (خالدیا) دەڵێ لە نزیک تەرابوزان لە زەمانی دەوڵەتی بیزانسدا شوێنێ بەناوی (خالدیا) هەبووە کە شاری خەلات: (ئەخەلات) نیشانەی ئەوە، تەنانەت لە قەفقازیشدا نێوی ئەم تایفەیە هەیە، بە کورتی بڵێین: یەکێ لە تیرەی کەڵهور بە (خالدی) ناو ئەبرێ و هەیە.

زۆر دوور نەڕۆین بێژەی (هر): هەر - و (هرد): هەرد - و (ئەل) لە (ئەوێستا) دا بە واتای (کێو)ە، هەروەک لە «البرز» کە بە واتای کێوی بەرزە (ال + برز) یا الوند یا ئاربەربا، ئارمورده (نێوی دوو کێون لە بانە) هەروا بێژەی (ئەرمەن) ئەمە لە زوانی کوردیدا بە شێوەی سەرەتای خۆی: (هر)و (هرد) ماوەتەوە، هەروەک ئەوە

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەگەر لە گوند، لە یەکێ پرسیار بکرێ لە کوێ بووی، دەڵێ: «لە هەردێ بووم» یانی لە کێوو کەژ بووم.

ئارارات ئەبێ لە ئارا: (هرا)و (راد – یارات) لەم دوو بەشە بەدی هاتبێ کە بە واتای کێوی بەخشەرو دەهەندەیە، جا هەر بۆیێ عەرەب ئەوەی بە (جبل الجودی) وەرگێڕاوە، (واستوت علی الجودی – سوورەتی هوود، ئایەتی ۴۴). ئەو کێوەی کە گەمی نوح لەنگەری لەسەر گرتووە، جا کەوابێ (هالدی) هەر (هَرْدێ) یا (الدی)یەکە بە واتای کوێستان و کێونشینە، (ئورارتو)یش هەر ئەمە دەگەینێ و بێژەی (ئارارات) هەر وەک لێکۆڵەران وتویانە کە بێژەیەکی عیبری‌یە، نابێ وابێ چونکە نفوزو رەخنەی فەرهەنگی یەهود(جولەکە) لە ئوروپا زۆربەی واژەی مادو کورد و ئێرانی بردۆتە بەر ناونیشانی عیبری، کەیەکێ لەوانە هەر ئەم واژەو بێژەی ئارارات، هالدی یا هلدی یا هەردێ‌یە.

یەکەم کەس کە ئەم کێلەی بە دنیا ناساند، شولس Schulz یەکێ لە کونەناسانی ئەلمانی بووە کە بەداخەوە، کوژراوەو روونوسێ کە لەو کێلەی هەڵگرتبوو، تیا چووەو نەماوە، چەند ساڵ دوای کوژرانی شولس، راولینسن Rawlnson دۆزێنەری ناوداری بێستون کە ئینگلیسی‌یە بەشێ لە کێلەشین، ئێستامپاژ، کۆپی ئەکا، لە ساڵی ۱۶۵۲ی زایینی خانیکیف Khani Koff لەو کێلە قاڵبگیری ئەکا، بەڵام دوای ماوەیەک تیا ئەچێ.

لە ساڵی ۱۸۵۸ – بلاو Blau لەو رونووسانەی تا ئەو سەردەمە ساز درابوون، کۆزیلکەیەک لای خۆی کۆ دەکاتەوە، کە بەداخەوە لە گەچ ساز درابوو، لە نێو باردا وردو خاش ئەبێ، بەڵام لە دواییدا A.H.Sayee لەسەر ئەو گەچە، وردانە، کار ئەکاو بیروڕای خۆی لە بابەت کێلەشینەوە دەرئەبڕێ.

لە ساڵی ۱۸۵۸ تا ۱۸۹۰ی زایینی ژ.دێمورگان، لە گوندی هیێ هیق Heq–ەوە، دەچێتە سەر گەردنەو کەلی کێلەشین و بە وێنەی ئێستامپاژ، وێنە لە خەتە مێخی (بزماری)یەکانی هەڵ دەگرێ، لە دوای ئەو، هیربیرت M.Herbert بەرپرسی پینەو پەرۆکردنی مۆزەی مرۆڤ ناسی تر کادرو Trocadero لەسەر ویستی دێمورگان لە روی ئێستامپاژی ئەو بەگەچ قاڵبگیری خەتە مێخی‌یەکان، بکا بەمجۆرە بۆ یەکەمجار قاڵبگیری‌یەکی تەواو لەو خەتانە، دەکرێ، ئەو خەتانە بە زمانی ئاسۆری‌یەو ژ.دێمورگان ئەوە بە پێرشێل Seheil، ئاسۆری ناسی ناودار نیشان ئەداو پێرشێلیش دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بە سەرەتایەکەوە، مەتن و دەق و ماناکەی لە گۆڤاری Recueil des travaux پاریس‌دا لە چاپ ئەداو بڵاوی دەکاتەوە، دەقی کەتیبەی کێلەشین ۴۲ خەتە، وادەرئەکەوێ لە موتەرەفی مۆر–ی کیوسی Meherkapuissi و ئیشپونین Ispuhi و کورەکەی کە بە منوئا Menua کە هەر

(٢٠)
[مولود٢٨]

Dr.Saleh Ebrahimi



سێکیان لە پاشاکانی سەرزەوی توشیاTuspa بوون و بە هاڵدیە(هەردێ)؟ خوای شار-ی موزازیر Musasir پێشکەش ئەکرێ.
جێگای شاری توشیا، دیاری نەکراوە کە لە کوێ بووە، بەڵام هەموو کەوناراناسان لایان وایە لە کوردستانی بەشی ئێران لای شنۆ بووە و کێلەشین بەر لە تەختی جەمشید هەبووەو هی زەمانی ئاسوری‌یە.
بەر لەو پێرشێل بیرورای خۆی دەربڕی، لە نێو کونەناساندا لە بابەت واتای کەتیبەی کێلەشینەوە، دژایەتی هەبوو، لایان وابوو هی دێمورگان لەگەڵ هی راولینسن‌و بلاو، جیاوازە، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی هی پێرشێل و وتارێ کە م.لهان M.Lehann لە ساڵی ١٨٩٣ی زایینی بڵاوی کردەوە، ئەو دژایەتی‌یە نەما کە سەرچاوەی لەوە گرتبوو، کە راولینسن و بلاو سرنجی خەتەکانی هەر دوو لای کێلەشینیان نەدابوو، بەڵام ژ.دێمورگان کۆپیەی لە هەر دو لا هەڵگرتبوو. کێلەشین لەو کەلە، کە بە کێلەشین ناوداره لە شوێنی دابەش بوونی ئاوی خۆرهەڵاتی و خۆراواییدایە، کە ئاوی لای خۆرهەڵات بە چەمی قادرچا، بەرەو دەریاچەی ورمێ (چی چست) ئەڕوا، ئاوی لای خۆراوایش بەرەو دەجلە، تێدەپەڕێ و ئەڕوا. کێلەشین لە ١٣٢۶ی هەتاوی بە هۆی وەزارەتی دەرەوە، برایە مۆزەی ئێرانی باستان.
کێلەشین کژی ٧ لە ج ۴ی کتێبی (تەحقیقاتی باستان‌ناسی میسیونی عیلمی لە ئێراندا) نووسراوی ژ.دێمورگان (پەرەی ٢۶١ تا ٢٧۴).
کە لە ١٨٩۶ی زایینی لە پاریس لە چاپدراوە، وێنەکانیش هەر لە روی ئەو کتێبەوە، هەڵگیراوە.

## ئەشنە یا شنۆ

شنۆ یا ئەشنە کە بە (ئوری، نێرگە نێری-یش ناو براوە، گیای بۆن خۆش، دەواڵە کە لە داری گوێز و داری سنەوبەر دەئاڵێ. بەر لە مادەکان، لولوبیان، هوریان، ئاشۆریان‌و ئورارتو ژیاون، ئەوسا ماد، لە کەتیبەی کورۆش دا لە ئەیالەتی (ئەشنوناک) شنۆ ناوبراوە کە باجی بە کورۆش داوە. ٢٥٠٠ ساڵ بەر لەمڕۆکە لە سۆنگەی ئاگرپژینی کێوی راندولە، کە لە ساڵی ١٣٢٠ی مانگی بوولەرزە لە شنۆی داوەو زیانی ماڵی و گیانی پێ‌گەیاندووە، لە ١٩٠٩ی‌زایینی، تورکی عوسمانی، شنۆی داگیر کردووە، بە هۆی شەڕی روس و عوسمانی، دوایی روسەکان، جیلو (ئاشور) شنۆی گرتووە، خەڵک ئاوارەی موسڵ و کەرکوک بوون. بە هۆی ئەو شەڕانە لە ١٣ هەزار کەس، خەڵکی شنۆ، چەند سەد کەسی ماو ئەوی تر قڕ کرا یان

Dr.Saleh Ebrahimi



لە برسانو لە سەرمان مردن. (ابن حوقل و یاقوت حموی‌و حمدالله مستوفی) وەسفی باغو باغات و میوەی شنۆیان زۆر کردووە. توتن و سیغاری شنۆ بەناوبانگە. لە باکووری رۆژاوای شنۆ دوو چیای نوک بەرز بە ناوی (راندۆڵە و بابۆڵە «شەترە») روبەروی یەک هەن.

شنۆ، بە عشنۆ، ئوشنۆ، ئەشنۆ بە مانای: قەڵا، بورج، دژ، سەنگەر، دیوار کە عشنۆ لە بەردی (کێلەشین - کالاشان) بە خەتی مێخی (بزماری) نووسراوە. لە ساڵەکانی ١١٤٥ی مانگی و رێکەوتی ١٨٦٥ی زایینی لە کاتی شەڕی ئێرانو روس، هۆزی زەرزا، لە بەشێ لە راندۆڵە و بابۆڵە و ئەو ناوە نیشتەجێی بوون و لە دواییشدا مامەش لە شنۆ نیشتەجێبوون. جولەکە لە شنۆ بە پێی پلاک-ی ٥٤١ عیبادەتگەیان بووەو لە ١٩٥٣ی زایینی دوای دامەزرانی حوکومەتی ئیسرائیل کۆچیان کردە فەلەستین. لە ١٣١٩ی هەتاوی لەشکری روس لە شەڕی دووەمی نێوگەلانی، خۆی خزاندە شنۆ.

سێزدە سەدە بەر لە زایین، شنۆ شارێ گەورە و چوار دەروازەی بووە:

١ـ دەروازەی قەڵاتوک لە باکووری رۆژاوای شنۆ کەئێستا شوێنەواری دیارەو دەریاچەی قەڵاتوک یا کێوی زمە لە کەنار ئەو دایە.

٢ـ دەروازەی گوندی ئاسناواکە ئێستا گوندی ئاسناوا لە سێ کیلۆمیتری باشووری شار لەسەر تەپۆڵکەیەکە.

٣ـ دەروازەی گرد کەشان کەئێستا گوندی «گردکەشان» لە لای شنۆ لە بان تەپۆڵکەیەکە.

٤ـ دەروازەی رێگاباد کە ئێستا لە سەروی جادەی شنۆ بۆ نەغەدە رێگابادایە. هەندێ لایان وایە چوون شوێنەوارێک ناودار بە (مەلەکەی سەبا) بە نێوی بەلقیس لای شنۆ هەیە - شنۆ - یان بە شاری سەبا داناوە، ئەبێ بزانین نێزامی گەنجەوی کوڕی رەئیسەی کوردو هاورەگەزی عەلائەدین کۆرپە لەسەرەتای بەهرامنامە کە لەسەر ویستی عەلائەدین کۆرپە بە شیعر بەهرامنامەی داناوەو بە عەلائەدین کۆرپەو دوو کوڕی ئەو کە ناویان (نصرت الدین ملک محمدو فلک الدین ملک احمد) بووە، پێشکەش کردووەو تاریفی کردوونو نێوی بەلقیسیشی راگەیاندووەو عەلائەدین کۆرپەی پاشای ئازەربایجان و رویین دز (و رەواندز)ی بە سولەیمان داناوە و بە سولەیمان ناوی بردووە و خێزانیشی بە بەلقیس ناو هێناوە، هەروەک: دەڵێ:

چون اشارت رسید پنهانی
از سراپردۀ سلیمانی
برگرفتم چو مرغ بال‌گشای

Dr.Saleh Ebrahimi



که کنم بر در سلیمان جای
خسروی تاج‌بخش بخت نشان
بر سر تاج تخت و گنج فشان
عمدة المملکت علاءالدین
حافظو ناصر زمان و زمین
شاه کُرْپه«کۆرپه» ارسلان کشورگیر
به از الب ارسلان بتاج و سریر
در مفاظی خط سلیمانی
عرش بلقیس باد نورانی

لە پاشان بە شیعر دەڵێ: عەلائەدین کۆرپە لە بابەت جیهان گوشایی و دادپەروەری و چاکی و پیاوەتی و ژیری و بەمشوری لە ئیسکەندەر و ئەرەستالیس و ئەنەوشیروان و بوزورگ میهر و پەرویز، مەزنتر و گەورەترە کە دەڵێ

تو کز ایشان به افسری داری
چون نظامی سخنوری داری

جا نیزامی کاتێ کە لە ساڵی ٥٩٣ی مانگی لە ساعەتی ٤ی ڕۆژی ١٤ی مانگی ڕەمەزان، بەهرامنامە تەواو دەکا، بە دیاری دەی‌نێرێتە لای عەلائەدین کۆرپە و ناوی (ڕویین دز: ڕەواندز)یشی لەوێدا بردووە کە فەرمویەتی:

چون من ازقلعه قناعت خویش
شاه‌را کنج درکشیدم پیش
در اداکردن زر جایز
وامدار منست روئین دز
وام داری نه‌کز تهیی شکمی
دز روئین بود ز بی درمی
میخ زرین که مرکز زمی است
نام روئین دزش زو محکمی است

ئەگەر لەم شیعرانە و لەبەردی کێلەشین بە وردی بکۆڵدرێتەوە پەردەی تاریکی مێژووی شاری شنۆ کەسانێ کە لەو ناوە ژیاون زۆر جوان ڕوونا ک دەبێتەوە.

کێلەشین نۆسەت ساڵ بەر لە تەختی جەمشید لە نێو سنووری ئەوکاتی ئاشوور و وڵاتی ئورارتو (ئەرمەنستان) دانراوە - هێمان لە شنۆ (دیر مار ابراهم) شوێنی ماوەو لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٨ ز - مەسیحی و نەسارا لەوێ نەمانو کۆچیان کرد.